Zanco Journal of Human Sciences (ZJHS)

TYPE: Original article
DOI https://doi.org/10.21271/zjhs.29.SpC.25

# ڕۆڵی تیۆری سێتا لە زمانی کوردیدا

OPEN ACCESS
*Corresponding author
Rzgar Othman Omer
Rezgar85othman@gmail.com

**رزگار عوسمان عومەر** /بەشی زمانی کوردی، کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی، زانکۆی سەلاحەددین هەولێر،هەرێمی کوردستان،عێراق

**نەریمان عەبدوڵلا کەریم خۆشناو**/ بەشی زمانی کوردی، کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی، زانکۆی سەلاحەددین-هەولێر،هەرێمی کوردستان،عێراق

RECEIVED :03 /08/2025
ACCEPTED :01/10/ 2025
PUBLISHED :15/12/ 2025

**وشە سەرەکییەکان:**
تیۆری سێتا
ڕۆڵەکان
ئارگیۆمێنت
کارا
کارتێکراو

## پوختە

ئەم توێژینەوەیە بە ناوی ڕۆڵی تیۆری سێتا لە زمانی کوردی، بە دیالێکتی کرمانجی ناوەڕاست بەڕێوەچووە و بەشە سەرەکییەکەی بریتییە لە شیکردنەوە و ڕوونکردنەوەی پەیوەندی نێوان ڕستەسازی و واتاسازی لە زمانی کوردیدا. ئەم توێژینەوەیە هەوڵدەدات پەیوەندی نێوان کەرەستەی ڕستەسازی و واتاسازی بەڕوونی بخاتەڕوو، بەتایبەتی لە چوارچێوەی تیۆری سێتا دەستپێدەکات، کە یەکێکە لە لقە تیۆرییە گرنگەکانی دەسەڵات و بەستنەوە (GB) ناسراوە. گرنگی توێژینەوەکە لەوەدایە، بۆ یەکەمجار توانرا ڕوونکردنەوەیەکی نوێ لەبارەی بەکارهێنانی تیۆری سێتا لە سینتاکسی کوردی بدات. ئەم تیۆرە بەشێوەیەکی تایبەتی کار لەسەر ڕۆڵە واتاییەکان (thematic role) دەکات هەوڵدەدات ڕوونیبکاتەوە چۆن پەیوەندی ئارگیۆمێنتەکان بە کارەوە لە ڕستەدا پیشاندەدرێت، زمانی کوردیش، تایبەتمەندیی ڕێزمانی و واتایی تایبەتی خۆی هەیە، کەوا دەکات شیکردنەوەی ڕستەکانی زمانی کوردی بەپێی تیۆری سێتا چەند ئەرک و ڕۆڵێکی جیاوازیان هەبێت، زمانی کوردیش هاوشێوەی زمانی ئینگلیزی دەتوانرێت یاساکانی ئەم تیۆرەی لەسەر جێبەجێبکرێت، هەنگاوەکانی توێژینەوەکە بەپێی ڕێبازی (پەسنیی شیکارییە) لەبەر ڕۆشنایی تیۆری بەهەمهێنانی چۆمسکی و تیۆری کەیسی فیلمۆر ئەنجامدراوە.

**About the Journal**
Zanco Journal of Humanity Sciences (ZJHS) is an international, multi-disciplinary, peer-reviewed, double-blind and open-access journal that enhances research in all fields of basic and applied sciences through the publication of high-quality articles that describe significant and novel works; and advance knowledge in a diversity of scientific fields. https://zancojournal.su.edu.krd/index.php/JAHS/about

## 1. پێشەکی

سێتئەپی لاپەڕەی گشتی تیۆری سێتا، کە لقێکی سەرەکیی تیۆری دەسەڵات و بەستنەوەیە، ئەو ڕۆڵە واتاییانە ڕووندەکاتەوە ،کە لەنێوان کار و ئارگیۆمێنتەکانی ڕستەدا هەیە، ئەم ڕۆڵە ئەو پەیوەندییە واتاییانە ڕووندەکاتەوە، کە لە پێکهاتەی فرێزی ناوی ڕستەکەدا هەن. ڕۆڵەکانی وەکو (کارا، کارتێکراو، ئامانج ، سەرچاوە، ئامێر...هتد) زمانی کوردیش وەکو هەر زمانێکی تر ئەم ڕۆڵە سێتایانەی لەسەر پیادەدەکرێت.

**1- ناونیشان و بواری توێژینەوەکە:** توێژینەوەکە بەناونیشانی (ڕۆڵی تیۆری سێتا لە زمانی کوردیدا) کرمانجی ناوەڕاست بواری توێژینەوەکە لە ئاستی ڕستەسازیدایە، بەجۆرێکە پێوستە لە لایەنی واتایی (سیمانتیکی) ڕستەکە بکۆڵرێتەوە، چونکە ئاستی قوڵی ڕستە لەسەر بنەمای واتا داڕێژراوە.

**2-هۆی هەڵبژاردنی لێکۆڵینەوەکە:** تیۆری سێتا یەکێکە لە لقە تیۆریەکانی دەسەڵات و بەستنەوە یەکێکە لە تیۆرە گرنگەکانی ڕستەسازی لە زمانی کوردی ، لەپێش ئەم توێژینەوەیە چەند توێژینەوەیەکی تریش کراوە بەڵام بەشێوەیەکی قوڵ کاری لەسەر ڕۆڵ و لایەنەکانی تر نەکراوە بۆیە بە پێوستم زانی بەشێوەیەکی فراوان و گشتگیر باس لەم تێۆرە بکەم و هەموو یاساکانی ئەم تیۆرە بەسەر ئارگیۆمێنت و کارەکانی زمانی کوردی پراکتیزە بکەم.

**3- میتۆدی توێژینەوەکە:** ئەم توێژینەوەیە بە ڕێبازی وەسفی-شیکارانە (Descriptive-Analytical Method) ئەنجام دراوە. ڕێبازی وەسف و شیکردنەوە یەکێکە لە گرنگترین ڕێبازەکانی توێژینەوەی زمانەوانی، کە ڕێگە دەدات بە توێژەر بۆ وەسفکردن و شیکردنەوەی دیاردە زمانەوانییەکان بەپێی تیۆری سێتتا بەشێوەیەکی زانستی و ڕێکوپێک.

**4- سنوور و کەرستەی توێژینەوەکە:** سنوری توێژینەوەکە لە چوار چێووەی سینتاکسی و سیمانتیکی زمانی کوردی کرمانجی ناوەڕاست دایە. پێکهاتەی ڕستەکانیش تایبەتە بەشێوەزاری کرمانجی ناوەڕاست. کەرستەکانیش لە ڕستە و فرێزەکانی زمانی کوردی وەرگیراون.

**5-پرسیاری توێژینەوەکە:**

- کام جۆر لە ڕۆڵە واتاییەکان دەتوانرێت لەسەر زمانی کوردی جێبەجێ بکرێت؟

-چۆن دەکرێت ڕۆڵەکانی سێتا لە پێکهاتەی ڕستەسازی کوردی دەشتنیشانبکرێت؟

-ئایا زمانی کوردی دەتوانێت هەموو ڕۆڵەکانی سێتا ببینێت؟

**6- گرفتی توێژینەوەکە:** کەمی سەرچاوەی کوردی زانیاری سەرچاوەکان هەموویان لەیەکتر دەچن، زیاتر زانیاریەکان دووبارەن زۆربەی سەرچاوە ئنگلیزیەکان لە دەوری چەند بابەتێکی دیاریکراو دەخولێنەوە.

**7-ناوەڕۆک و پلانی توێژینەوەکە:** توێژینەوەکە جگە لە پوختە و ڕەهەند و چوارچێوەی توێژینەوەکە و ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان لەدوو بەش پێکهاتووە بەشی یەکەم بە ناونیشانی (پێناسە و چەمکی تیۆری سێتا)

بەشی دووەم :جۆر و ڕۆڵەکانی سێتا لە زمانی کوردیدا وەک (کارا، کارتێکراو، ئامێر، سەرچاوە ، ئامانج، سودمەند، کات، شوێن، زەرەرمەند، تەوەر، هێز، ئەزمونکار، ڕێرەو، پێوانە، هەواڵدان، هاوڕێیەتی ...هتد ) لەکۆتایشدا ئەنجامەکان، لیستی سەرچاوەکان و پوختەی توێژینەوەکە بە زمانەکانی عەرەبی و ئینگلیزی خراوەتەڕوو.

## 1-تیۆری سێتا

**1-1مێژووی سەرهەڵدانی تیۆری سێتا:** ئەو لێکدانەوانەی سەبارەت بە واتا هاتنەکایەوە، بە گەلێک قۆناغی جیاجیا تێپەڕین، بۆ نموونە هەوڵەکان بە سەرەتایەک دادەنرێ لەچاو ئەو لێکۆڵینەوانەی، سەبارەت بە واتا کراون. هەردوو زانا (گروبەر ، جاکندۆف) لایەنی فەرهەنگیان خستەبەر تیشکی لێکۆڵینەوە. لەم بارەوە دەڵێن (ئەو شتانەی باوەڕ بە ڕاستییان دەکرێت، بەشێوەیەکی فراوان، کەوا یەک پێکهێنەری تیۆری واتایی هەیە لە زمانێکی سروشتیدا بە فەرهەنگێکی ئەو زمانە دادەنرێت (تیرینس مورو :1998: 186). ئەم بۆچوونەیان لەسەر بنەمای ئەم گریمانەیە بوو، کەوا بەکارهێنەری زمان و واتای وشەکانی زمانەکەیان دەزانن و فەرهەنگیش بریتییە لە وشەکانی زمان و واتاکانیان. دوای ئەوەی دەرگەی گرنگیدان بە واتا کرایەوە، تیۆری واتایی تر لە لایەن زمانەوانی ئەمریکی (گروبەر) لە ساڵی(1965) هاتەکایەوە و

(جاكندوف) له ساڵی(١٩٦٧) زیاتر گەشەی پێداو له لایەکی ترەوە له دوو وتاری جیاوازدا بۆچوونەکانی خۆی تیادا شیکردەوە، کە دەڵێت :

1- دەکرێت واتا ڕاستەوخۆ بە ڕۆنانە بنجییە سینتاکسیەکەی ڕستە گرێبدرێت، بێ ئەوەی پێویست بە گریمانەکردنی ڕۆنانی ژێرەوە بکات، دەشکرێ لێکۆڵینەوە لەو کێشانە بکەین، کە پەیوەستن بە واتا (وەک لێڵی هەندێ ڕستە، یان واتا جیاجیاکانی دوو ڕستە، کە پێکهاتەی دەرەوەیان یەکە ( قادر :2009: 103). جاکندۆف پێی وایە، کە واتا بەشێوەیەکی سەربەخۆ بە سینتاکس دادەنرێت ، پەیوەندیەکی توند و تۆڵی لەگەڵی هەیە (Jackendoff,R:1983:120). گۆڵدبێرگ باسی ئەوە دەکات کە واتا لە ڕێگەی گرێی ڕێزمانییەوە(Construction) دەردەکەوێت، کە تێکەڵەیەکە لە سینتاکس و واتا.(1995:210).

2- لایەنی دووەمی لێکۆڵینەوەکەی پەیوەست بوو بە فۆنیم ، بەهۆی یاساکانی پەیوەست بە یاسا دەنگییەکان، بەمەش (مکاولی) هەنگاوەکانی شیکرنەوەی زمانی کورتکردەوە ( ئەم ئاڕاتستەیە لە شیکردنەوەکانی چۆمسکیش بەدی دەکرێ، لەوەی لە هەر تیۆرو لقە تیۆرێکی نوێدا، یاساکان خەست دەکاتەوە بۆ کەمترین ژمارە (قادر :2009: 104). فۆنیم یاسایەکی دەنگییە، کە پەیوەستە بە سیستەمی دەنگی زمانەوە، فۆنیم یەکەیەکی بنەڕەتییە لە فۆنۆلۆجیدا (زانستی ڕێزمانی دەنگ)، کە ڕێگەی دەربڕینی واتایی جیاکەرەوەیە لە ناو زماندا (Haegeman:1994:127).

لە دوای گرووبەر (1965) و فیلمۆر (1968)ەوە، سێتارۆڵ ڕۆڵێکی سەرەکی لە گواستنەوەی زانیارییە وشەییەکان دەگێڕن ، کە گرنگن بۆ پێکهاتەی ڕستەسازی و لێکدانەوەی(θ-) ڕۆڵەکان (بریکار، بابەت، ئەزموونکار، شوێن ، سەرچاوە ، ئامانج و...هتد.) نوێنەرایەتی پەیوەندی نێوان ئارگیۆمێنتەکانی کارێک، یان( بەشێکی تری قسەکردن) و ئەو ئەگەرە دەکەن، کە ئاماژەی پێدەکات. باس لەوە کراوە، کە ڕۆڵی بەشداربووان لە ئەگەرەکەدا پێناسەبکەن و ڕێزبەندی یەکگرتنی ئەم بەشداربووانە دیاری بکەن(Martin Evrath:2012:14). بەڵام ناوەڕۆکی وردی واتایی(θ-)ڕۆڵەکان لە بنەڕەتدا بە ناجێگیر هێڵراوەتەوە. جگە لە چەند ئیستسنایەک (بۆ نموونە ویلیامز 1981، لیڤین و ڕاپاپۆرت هۆڤاف 1986) ڕۆڵی سێتا(θ-) بە گشتی وەک ناوی نافەرمی باسکراوە، کە پۆلێنبەندییەکی گونجاو دابیندەکات (Grimshaw:1990:76). لەگەڵ تێپەڕبوونی کات و هیچ پێشکەوتنێکی ڕاستەقینە لەم ڕووەوە ڕووینەداوە، زانایان دەستیانکردووە بە وروژاندنی گومانی جددی، سەبارەت بە پێناسەکردنی ڕۆڵەکانی(θ-) و گونجاوی ئەزموونی پۆلێنکردنیان. وەک لەلایەن (Dowty ) لە ساڵی (1990) لەنێو زمانەوانی تردا بینرا، پۆلێنکردنی(θ-) ڕۆڵی گریمانەکراو پێدەچوو نەتوانێت گشتاندنە ئەزموونییە پەیوەندیدارەکان لە سەرانسەری(θ-) ڕۆڵەکاندا بگرێت، ئەوە پۆلەکانی ڕۆڵی سروشتی لێکەوتەوە. سەرەڕای ئەوەش ئەو یاسایانەی، کە بەستنەوەی ڕۆڵەکانی سێتا (θ-) بە پێگە ڕستەسازییەکان دیاری دەکەن، لە دۆخێکی هاوشێوەی ناڕەزامەندیدا بوون. لە دوای کارە سەرەکییەکەی(Jackendoff:1972:130) باوەڕێکی بەهێز هەبووە، کە پەیوەندی نێوان پۆلە واتاسازی و ڕستەسازییەکان پەیوەندییەکە، کە پێشبینی دەکرێت، بەڵام هەموو پەیوەستکردنێک بەقەد پەیوەندی نێوان کارا و بابەتەکان ڕاستەوخۆ دەرنەچوو. چارەسەری سەرەتایی، کە زمانەوانان پێشکەشیان کرد، بەستنەوەی پلەبەندییەکان بوو (بڕوانە: جاکێندۆف ١٩٧٢؛ پینکەر ١٩٨٤).

**چەمک و پێناسەی سێتا:** چەمکی ڕۆڵی سێتا لە ماوەی بیست ساڵی ڕابردوودا بەشێکی گرنگی لە تیۆری زمانەوانیدا هەبووە، کە مرۆڤ دەتوانێت بەدواداچوون بۆ سەرچاوەکەی بکات، تەنانەت تا یەکەم هەوڵی نووسینی ڕێزمانێک، کە دەتوانرێت بگەڕێتەوە بۆ کۆتایی سەدەی نۆزدە (Butt:2005:17) سێتا، یان (ثێتا)ناوی پیتێکی گریکییە و فۆرمەکەشی بەم شێوەیە(θ-)یەو یەکسانە بە دەنگی (th)ی زمانی ئینگلیزی، لەبەرئەوەی (Themantic)بە (th) دەستپێدەکات بۆیە کورتکردنەوەیەکی ستاندارد دەربڕینەکە لە (Themantic role)ەوە دەبێتە (Theta role)، کەیەکسانە بە(θ -role ) (Haegman:1998:47). سێتا (Theta)پیتێکی گریکییە، شێوەی کورتکراوەی (thematic)ە، کە پێیدەوترێ ڕۆڵی واتایی(102: 2014 :Horrocks). سەبارەت بە ناوی تیۆرەکە(theta theoryrole) و هێماکەی (θ)، کە لە ناوی پیتێکی گریکی وەرگیراوە، وەک ئاماژەیەک بۆ تیۆرەکە بەکارهاتووە. پیتی (θ)ی گریکی یەکسانە بە(th)ی ئینگلیزی ناوی (theta)یە، بەهۆی ئەوەی یەکەم دەنگی (thematic) بە (th)دەستپێدەکات (th)(θ)ی گریک دەکرێ بە(role

thematic) ، واتە ڕۆڵی بابەتانە بە (θ- role)، یان(theta role) ناوببرێت (قادر:2009: 106)

**پێناسەی ڕۆڵەسێتایەکان:** لە کاتی پێناسەکردنی ڕۆڵە سێتایەکان، پێویستە ئەو لقە زمانەوانییە لەبەرچاو بگیرێت، کە پەیوەندی بەوەوە هەیە، واتە واتاسازی. هەر بۆیە زاراوەی ڕۆڵی سێتا وەک هاوواتای زاراوەی ڕۆڵی واتادار بەکاردەهێنرێت. بەگشتی ڕۆڵە سێتایەکان ڕۆڵی واتادارن لە هەر سیستەمێکدا، کە شوێن و جووڵە لەڕێگەی فەزاوە لە لێکدانەوەی ڕستەکانی زمانێکی سروشتیدا تاکا دەکات، کە پەیوەندی بە تەرخانکردنی ڕۆڵە سێتایەکانەوە هەیە (Chomsky:1993:5). ڕۆڵە سێتایەکان بە گشتاندنێک دادەنرێت سەبارەت بە یەک ئارگیۆمێنتی پێشبینیکراوێک، بۆ ئەوەی -تیۆری سێتا وەک لقێک لە لقە تیۆرەکانی ڕێزمانی ( GB) لەلایەن چۆمسکییەوە گەشەپێدراوە ، جگە لە زاراوەی تیۆری سێتا چەندین زاراوەی تریشی بۆ بەکارهاتوون ، لەوانە (ڕۆڵە واتاییەکان ، ڕۆڵە ثیماتیکییەکان، دۆخەکانی ژێرەوە ، ڕۆڵە ئەرکییەکان، ڕۆڵەکانی دۆخ، ڕۆڵە واتاییەکان، ڕۆڵەسێتاکان...هتد)(Cruse:2000:281). کە هەر هەموویان ئاماژە بۆ یەک چەمک دەکەن، کە بگونجێت، ئەم وشە فەرهەنگییانەش وەک پێویستییەکانی کار، بەتایبەت بە شێوەی ئەو پەیوەندییە لەنێوان فەرهەنگ و سینتاکسدا هەیە، کە مەودای کارکردنیشی لە چوارچێوەی ئاستی ناوەوەی ڕستەدایە، هەروەک ئاشکرایە کار وەک یەکەیەکی فەرهەنگی پێویستییەکی خۆرتەکی هەر ڕستەیەک لەنێو ڕستەدا، داوای وشەی فەرهەنگی گونجاو بۆ خۆی دەکات (عبدالله ،2022: 16). یەکێک لە لقە تیۆرییەکانی (GB)، تیۆری ڕۆڵی سێتایە، کە بە چەندین زاراوە ناوبراوە، لەوانە: (ڕۆڵەکانی دۆخ، ڕۆڵە واتاییەکان ، دۆخەکانی ژێرەوە، ڕۆڵە ئەرکییەکان، ڕۆڵی بابەتانە...هتد). ڕێکوپێکییەکانی نێوان لایەنی واتاسازی و دەربڕینی ڕستەیی ئەو پێشبینییە دەکرێت. بەهۆی ئەم باسە بەردەوامە سەبارەت بە ژمارە و ناوەڕۆک و ناونانی ڕۆڵەکان تەنانەت پەیکەرە تیۆریەکانی ڕۆڵە سێتایەکان ناتوانرێت پێناسەیەکی ورد وەربگیرێت (Butt: 2005: 48) .

ڕۆڵی سێتا بەو بەشەی ڕستە پێناسەدەکات، کە: (دەستەواژەیەکی ناوی لە ڕووداوێکدا دەیگێڕێت، کە لەلایەن هەر ڕستەیەکەوە وەسف دەکرێت) (Yule:2010:294).وەک

-ژنەکە نانەکەی بەتەنوور برژاند.

لەم ڕستەیە فرێزە ناوییەکان ڕۆڵی سێتایان هەیە (ژنەکە) کارایە، (نانەکە) بابەت، (تەنوور) ئامێرە.

لە کاتێکدا پێناسەیەکی تایبەتتر باسکراوە. ڕۆڵی سێتا زاراوەیەکە بۆ ئەو ڕۆڵەی، کە هەر ئارگیۆمێنتێک (واتە بابەت، یان تەواوکەر)ی پێشبینییەک ئەنجامی دەدات، بە ئاماژەدان بە کۆمەڵەیەکی گشتگیر سنووردار لە ئەرکە سێتایەکان (یان پەیوەندییە سێتایەکان) پێناسە دەکرێت(Cristal, 2003:405). کەواتە ئەم تیۆرە ئاستی قوڵی ڕستەیە، کە پەیوەندی سیمانتیکیی نێوان کار و فرێزە داواکراوەکانی شی دەکاتەوە، بەواتاییەکی تر، ئەم وەچە تیۆرە لە(GB)دا بایەخ بە دیاریکردنی ڕۆڵە سیماتیکییەکان دەدات، کە چۆمسکی پێیان دەڵێت :(ڕۆڵە سیماتیکییەکان(102: Horrocks, 2014 ). تیۆری سێتا یەکێکە لە لقە تیۆرەکانی (GB) و خۆی بە دیاریکردنی ڕۆڵەسیمانتیکییەکان (Themantic roles)ەوە خەریک دەکات، کە چۆمسکی پێیان دەڵێت (ڕۆڵە سیمانتیکییەکان)(102: Horrocks: 2014 ). یاخود تیۆری سێتا (Theta) ئاماژە بە ڕۆڵی بابەتانەی (Themantic role)ی ئارگیۆمێنتەکانی کاردەکات، بەواتایەکی تر (تیۆریTheta ) لە (GB) یدا مۆدەلێکە مامەڵە لەگەڵ داواکارییە گونجاوەکانی کاردەکات و کۆمەڵێ ڕۆڵی تایبەتی بەیەکەوە دەبەستێتەوە لە سنووری کاردا(Trask:1993:273). کەواتە ئەو پەیوەندییە واتاییەی نێوان کارو ئارگیومێنتەکان بە (ڕۆڵە ثیماتیکییەکان- ڕۆڵەسێتاکان- ڕۆڵە واتاییەکان) ناوبراوە، یان ئاماژەی بۆکراوە (محەمەد:2009: 93). یەکێکە لە مۆدێلەکانی(GB)، ئەم تیۆرە بە دروستەی قووڵەوە دەبەسترایەوە. ئەم تیۆرە گرنگی دەدات بە پێدانی ڕۆڵی سێتا (سیمانتیک) لەلایەن کارەوە بە ئارگیۆمێنتەکانی، واتە ڕۆڵی سێتا پەیوەندی سیمانتیکی نێوان کار و ئارگیۆمێنتەکانیەتی، بۆ نموونە کاری (خوێندەوە) دوو ئارگیۆمێنت وەردەگرێت، بۆ ئەوەی ڕۆڵی سێتاکانی تەواوبێت (قادر : 2011 : 53).

کەواتە ڕۆڵی سێتا یەکێکە لە لایەنەکانی لێکدانەوەی واتا، کە پەیوەندی بەو ڕۆڵانە هەیە، کە دەستەواژەیەکی ناوی لە دۆخێکدا دەیگێڕێت، کە ڕستەکان وەسفی دەکەن. واتای ئەمە لەم ڕستەیەی خوارەوەدا نیشان دەدرێت. وەک:-

### 1- با تۆپەکەی هەڵدا.

واتای ئەم ڕستەیە مەحاڵ بوو، ئەگەر مرۆڤ نەتوانێت هەر وشەیەک بناسێتەوە، بە واتایەکی تر هەر ڕۆڵێک، کە ئەو وشانە دەیگێڕن. لەم ڕستەیەدا دەتوانرێت (با) وەک ئەو بریکارەی، کە بوونەکەی فڕێداوە یان ئەو شتەی، کە تۆپەکەیە، بناسرێتەوە. دەتوانرێت (تۆپەکە)وەک ئەو شتە بناسرێتەوە، کە فڕێ دەدرێت و هتد.

بەهۆی گرنگی ڕۆڵە سێتایەکان لە تێگەیشتن لە واتای نەگوتراوی وتارێکدا، زۆر گرنگە ڕۆڵی سێتا، وەک ڕۆڵێکی ناوەندی لە تێگەیشتن لە زماندا بکۆڵینەوە. وەک ئەوەی ڕۆڵە سێتایەکان میکانیزمێک دابین بکەن، کە مرۆڤ دەتوانێت بەهۆیەوە پابەندبوونە واتادارییەکان شیبکاتەوە، بەو پێیەی میکانیزمێک بۆ کارلێککردن دابین دەکەن (Carlson:1988:265).

وەک هەر لایەنێکی تری لێکدانەوەی واتا، ڕۆڵە سێتایەکانیش پەیوەستن بە پێکهاتەی ڕستەکەوە، بەڵام ئامراز هەیە بۆ پەیوەستکردنی ڕۆڵێکی سێتا تایبەت بە ئارگیۆمێنتێکی تایبەتی کارێکەوە. میکانیزمێکی تایبەت بۆ ئەنجامدانی ئەم کۆمەڵەیە گریمانەی برێسنانە:

1- هەر ئارگیۆمێنتی کارێکی دیاریکراو بۆ ڕۆڵێکی سێتا دیاریکراوە.

2-هیچ ئارگیۆمێنتێک زیاتر لە ڕۆڵێکی سێتای بۆ دانەنراوە.

3- هەر ئارگیۆمێنتی کارێک ڕۆڵێکی سێتای تایبەتی پێدەدرێت.

دەبێت بزانرێت ،کە کۆمەڵە ئارگیۆمێنتە ڕستەسازییەکانی کارێک بابەتی ڕستەکەن، دەستەواژە ژێر پۆلییەکان لە دەستەواژەی کارەکەدا، کە خوشکی کارەکەن و لەلایەن کارەکەوە بەڕێوەدەبرێن، لەگەڵ ئەوەشدا کارەکە ڕۆڵی سێتا بۆ هیچ پێکهێنەرێکی دیکە نادات جگە لەمانە، ڕەنگە زۆرێک لە ڕۆڵە سێتایەکان پەیوەست بن بە کارتێکراوەوە (Carlson:1988:268). هەرچەندە ئارگیۆمێنتەکانی کارێکی دیاریکراو لە ڕۆڵە سێتایەکانی ئەو کارە وەرگیراون، بەڵام هەندێک بارودۆخ هەن، کە ڕەنگە ڕۆڵێکی سێتا بۆ هیچ پێکهێنەرێک دیارینەکرێت. کاتێک ئەمە ڕوودەدات، ڕۆڵی سێتای کراوە سەرهەڵدەدات.

وەک ئەم نموونەیەی خوارەوەی ڕستەی پاسیڤ :وەک

**(2) ئاگرەکە لەلایەن ئاگرکوژێنەوەکانەوە کوژێنرایەوە.**

**(3) ئاگرەکە کوژایەوە.**

گریمانە دەکرێت، کە (ئاگر) ڕۆڵی تەوەر بگێڕێت و (ئاگرکوژێنەوە) لە (2)دا بریکارە، بەڵام لە (3)دا (ئاگر) هێشتا دەبێ بابەت بێت، کەچی دەبێ ڕۆڵێکی بریکاریش هەبێت، کە پەیوەندی بە ڕوودانی کارەکەوە هەبێت، ئەگەر گریمانەیەک، کە ڕۆڵی بریکار لە (2)دا هەبێت، تەنانەت، ئەگەر هیچ پێکهێنەرێک لە ڕاستیدا دیاری نەکرێت بۆ ئەو ڕۆڵە. دەتوانرێت ئەمە وەک ئاماژەیەک وەربگیرێت، کە ڕۆڵی بریکار دەبێت پەیوەست بێت بە کارەکەی.(Carlson: 1988: 5-6)

یەکێ لەو بابەتانەی لە ڕێزمانی چاولێکەریدا دەخرایە بەرباس ئەوە بوو، کە پێکهاتەی کەرەستەکانی ناو ڕستە خاوەنی چ ڕۆڵێکن لە ڕستەدا. بۆ نموونە لە ڕستەیەکی وەک (نەوزاد پەنجەرەکەی شکاند) دەیانوت: (نەوزاد) بکەرە، یان کارەکەی ئەنجامداوە،(پەنجەرەکە) بەرکارە، یان کارەکەی بەسەردا هاتووە (شکاند) کارە، کە ئاماژە بە ئەنجامی کارەکە دەکات (محمد، 2009 : 44). بەپێی بۆچوونی (گۆپەر) ئەو ڕۆڵە هەندێ حاڵەتی ئەبستراکتیش لەبەر چاو دەگرێت ،بۆ نموونە دۆخی خاوەندارێتی بەیەکێک لەو کاتیگۆرییە دادەنێت(Cowper:1992:49).

### 2-ڕۆڵەکانی سێتا

1-2 ڕۆڵەکانی تیۆری سێتا: لەم لێکۆڵینەوەیەدا مەبەست لە ڕۆڵەکانی سێتا ئەو پەیوەندییە سینتاکسییانەیە، کە ناو و ئەو ڕۆنانە دەگرێتەوە، کە تێیدا بەکاردێت. ئەم پەیوەندییانەش لە ڕۆی واتاوە گرنگن. لە خوارەوە لەم ڕۆڵانە دەدوێن:

2-2 ڕۆڵی سێتای کارا :Agentive : کارا ئەو دۆخە زیندووەیە، کە بە کارێک هەڵدەستێت، یان ئەو دۆخەیە کە دەبێتە هۆی نانەوەی، یان بە ئەنجامگەیاندنی کارێک ،یان ئەنجامنەگەیاندنی (سەعید: 1990: 9)، بۆ نموونە:

(4) أ–زانیار (کارا) نامەکەی خوێندەوە.

ب– زانیار (کارا) نامەکەی نەخوێندەوە.

(5) زانیار (کارا) نامەکەی بە قوتابییەکان خوێندەوە.

وردبوونەوە لەم دوو ڕستەیە، ئەوەمان بۆ دەردەخات، کە(زانیار) لە هەردوو ڕستەکەدا لە دۆخی کارادایە،چ بەشێوەی ئەرێ بێت ، یان بەشێوەی نەرێ، چونکە لە ڕستەی یەکەم کارەکەی کردووە، یان نەیکردووە و لە ڕستەی دووەمیش بۆتە هۆی ئەنجامدانی کارێک، کە خوێندنەوەکەیە.

یاخود کارا ئەم ڕۆڵە واتاییەیە، کە سیما بنەڕەتییەکانی (N+، +زیندوو، +هێز، +مەبەست) هەڵدەگرێت(قادر:2009: 122). بەگشتی (کارا) چەند جۆرێکی هەیە، دەکرێت ڕۆڵە واتایەکەی (ئەنجامدەر) بێت، کە جێبەجێکەری کارەکەیە. کەواتە کارا ئەو دۆخە زیندووەیە، یان ئەو کەسەیە، کە کارێک ئەنجام دەدات،دەبێتە هۆی ڕوودانی کارێک (ڕووداوێک) بەئەنجامی دەگەیەنێت(Fillmore:1968:5). یان کارا گیاندارێکە، کە سیمای (+زیندوو + هێز)ی هەیە و بە ئیرادی(خوازەکی) کارێک ئەنجامدەدات. بە واتایەکی تر کارا ئەو کەرەستەیەیە، کە ئەنجامدەری کاری ڕستەکەیە(والی :2015 : 21). یاخود کارا ئەو دۆخە زیندووەیە، کە کارێک ئەنجامدەدات، یان دەبێتە هۆی ڕوودانی ڕووداوێک، یان بە ئەنجامی دەگەیەنێت (Hegeman:1994:49). ئەوەی ڕوونە کارا لە ڕستەدا ئاماژە بە کەرەستەیەک دەکات، کە هەستی هەبێت و بەئاگاییانە و بەمەبەست کارێک بە ئەنجام بگەیەنێت(عیمادی: 1997: 80). بۆ نموونە

(6) ئەلەند خەوت.

(7) خانووەکە ڕووخا.

لەم دوو نموونەیەی سەرەوەدا (ئەلەند) کارایە و بکەرە، بەڵام لە ڕستەی دووەمدا (خانووەکە) تەنیا ڕۆڵی بکەری بینیوە، واتە کارا نییە.

هەر لەبەر ئەوەشە دەبینین بنەمای هەرە گرنگ لە کارادا ئەوەیە، کە دەبێت زیندوو بێت و توانای ئەنجامدانی کارێکی هەبێ. دیسانەوە کارەکەش دەبێت لەو کارانە بێت، کە توانای هەڵبژاردنی کارای تێدا هەبێت. بۆ نموونە ئەم جۆرە کارانەی ناو کەوانەکە (برژا ـ شکا ـ پچڕا ـ سوتا ـ ڕووخا ـ خورا ـ پسا ـ گەیشت ـ چوو۔ کولا... هتد) لە توانایان نییە کارا یەکسەر هەڵبژێرن بەبێ پاشگری (اندن)، لەبەرئەوە لەگەڵ کارادا نایەن، هەر کاتێ ئەم پاشگرەش بچێتە سەر ئەم کارانە، دەیانکات بە کۆزەتیڤ و توانای ئەوەیان دەداتێ، کە کارا هەڵبژێرن، بەڵام بەبێ پاشگرەکە لە توانایاندا هەیە بکەر وەربگرن . وەک:

(8) <u>ئازاد</u> گۆشتەکەی برژاند.

کارا

پێویستە لێرەدا باسی هەندێ لەو کارایانە بکەین، کە چ جۆرە کارێک هەڵدەبژێرن و چۆن دەردەکەون:

1– دەتوانین جیاوازی نێوان هەندێک کار لەگەڵ کارەکانی تر بکەین، بەوەی توانای هەڵبژاردنی کارایان تێدا نییە، لە هەمان کاتیشدا لە ڕستەدا زۆر ئاسایی بکەری ڕێزمانی هەڵدەبژێرین: وەک :

(9) درەختەکە (بکەر) شکا.

لەم جۆرە ڕستانەدا بەئاسانی هەست بەوە دەکرێت، کە بکەرەکانیان هیچ ڕۆڵێکیان لە ڕوودانی کارەکاندا نییە و هیچ دەورێکیشیان نابێت، چونکە ڕوودانی کارەکان بەپێی ئارەزووی بکەرەکانیان نییە، هەر لەبەر ئەوەشە بە فرێزە ناوییەکانیان دەوترێت بکەر.

2. بە فرێزە ناوییەکانی ئەم جۆرە ڕستانە ناگوترێ کارا. بەو واتایەی جۆرێکی تریش لە کار هەیە، کە کارا وەرناگرێت، وەک ئەو کارانەی بارێکی هۆشەکی، یا دەروونی نیشان دەدەن، وەک: (حەزکردن، زانین، باوەڕکردن، دڵپێوەبوون، پێخۆشبوون، ڕقلێبوون ....هتد). وەک:

(10) حەزی لە کچی مامی کردووە.

3. دیسان لەپاڵ ئەم کارانەشدا کاری تر هەیە، کە کارا وەرناگرێت، بۆ نموونە کاری بارگەیین، واتە ئەو کارانەی بار و حاڵەت پیشاندەدەن. وەک:–

(11) پیاوەکە لەشەرما سوور هەڵگەڕا.

ئەگەر سەیری ئەو نموونانەی سەرەوە بکەین، ئەوەمان بۆ بەدیاردەکەوێت، کە کاریش لە هەڵبژاردنی کارادا ڕۆڵی هەیە، واتە ناتوانین بڵێین هەموو کارێک بەگشتی کارا وەردەگرێت. شایانی سەرنجە، کە کار بە هەردوو جۆرییەوە (تێپەڕ و تێنەپەڕ) کارا وەردەگرێت، بەمەرجێ کارەکە توانای هەڵبژاردنی کارای تێدا هەبێت.

4. هەڵبژاردنی دۆخەکان دەکەوێتە ئەستۆی کارەکانەوە،کارەکانیش ئەو دۆخانە بەدیار دەخەن، کە لەگەڵیاندا ڕێکدەکەون. هەموو کارەکانیش بەپێی توانای خۆیان چەند دۆخێک هەڵدەبژێرن، بۆ نموونە :

أ. کاری تێنەپەڕ، کە کارێکی یەک لایە، یەک بۆشایی پڕدەکاتەوە و توانای ئەوەی هەیە، جگە لە کارا، چەند دۆخێکی تری لەگەڵدا بێت: وەک:

(12)ئەلەند (کارا) شەو بە پێ هات.

ب ـ کاری تێپەڕیش ئەو کارەیە، کە دوو کەرەسە، یان زیاتری لەگەڵدا دێت، واتە هەمیشە لە دۆخێک زیاتر لەگەڵ کاری تێپەڕدا بەرچاو دەکەوێت، بەمەرجێک یەکێکیان کارا بێت. وەک:-

(13) نەسرین (کارا) وانەکەی لە پۆلدا نووسی.

پ ـ بە ڕای هەندێک لە زمانەوانان فراوانترین سنووری کاری تێپەڕ لە سنووری پڕکردنەوەی چوار بۆشایی تێناپەڕێت، کە دەبێتە چوارلایی( وەک: وەرگرتن، سەندن، دەرهێنا ..........هتد) وەک:-

(14) لەنیا (کار) پارە (بابەت) لە باوکم (سەرچاوە) بۆ مـــن (وەرگر) وەردەگرێت.

(15) مـــن(کارا) بۆ تـــۆ(سەرچاوە) کتێبەکە (بابەت) لە کـامەران (سودمەند) دەستێنم.

بەڵام هەر ئەم کارانەش توانای هەڵبژاردنی زیاتر لە چوار دۆخیان تێدا بەدیدەکرێت: وەک:-

(16) دلێر (کارا) بە شەو پارە لە باوکم بۆ من وەردەگرێت.

بەشێکی زۆری ئەو ڕستانەی پێشەوە ئەوە دەردەخەن، کە لە ڕستەدا کارا بەتەنیا لەگەڵ دۆخەکانی تریشدا بەدیار دەکەوێت. هەروەها لە ڕستەیەکی سادەدا کارا لە توانایدا هەیە لەگەڵ دۆخی تریش دەرکەوێت. دیسانەوە تا کارا لە ڕستەدا هەبێت، هیچ دۆخێکی تر توانای نییە شوێنی بگرێتەوە، واتە ببێتە بکەری ڕێزمانی(سەعید:2009 :21).

سەبارەت بە ڕستەی بکەرنادیار، زۆرجار نادیاری ناڕێزمانی دەبێ ئەگەر بکەر کارا نەبێ(بەرزنجی :1998: 41). بۆ نموونە لە ڕستەی پێشوودا:

(17) بایەکە کەپرەکەی ڕووخاند.

کە دەکرێ بە بکەر نادیار دەبێتە: وەک:-

(18) کەپرەکە ڕووخێنرا.

یەکسەر بیرت بۆ ئەوە دەچێ، کە ئەنجامدەری ڕووخاندنی کارا بێ، بەڵام مەرج نییە هەر ئاوەڵگوزارە بێ، دەبێتە بکەر یان بەرکار(قادر :2009: 124). بۆیە لێرەدا دەکرێ بەراوردێکی نێوان کارا و بکەر بکەین، بەم شێوەیە:

| کارا | بکەر |
|---|---|
| 1. جۆرێکە لە جۆرەکانی بکەر. | 1. جۆرێکە لە جۆرەکانی بکەر |
| 2. هەموو بکەرێک کارا نییە. | 2. هەموو کارایەک بکەری ڕێزمانی دێرینە. |
| 3. کارا [ N+ ، + زیندوو، + هێز، + مەبەست]. | 3. بکەر [ N+، ± زیندوو، ± هێز، ± مەبەست]. |
| 4-کارا ئارگۆمێنتێکی دەرەکییە، لەڕێگەی VP ییەوە نەک(V) ییەوە ڕۆڵی واتایی پێ دەدرێ. | 4- بکەر ئارگیۆمێنتێکی دەرەکی و ناوەکییە لەڕێگەی(V) ییەوە ڕۆڵی واتایی پێ دەدرێ. |
| 5-(V) بەشێوەیەکی ناڕاستەخۆ ئەو ڕۆڵە بە کارا دەدا. | 5. (V)بەشێوەیەکی ڕاستەخۆ ئەو ڕۆڵە بە بکەر دەدات. |
| 6. ڕستەی بکەرنادیار ناگرێتەوە. | 6. ڕستەی بکەرنادیاریش دەگرێتەوە. |
| باخەوانەکە (کارا) گوڵەکەی چاند. | بایەکە(بکەرە) کەپرەکەی ڕووخاند. |

(بڕوانە: سەباح ڕەشید، یوسف شەریف، نەریمان خۆشناو)

کەواتە کارا وەک دەردەکەوێت، چەند تایبەتمەندییەکی هەیە، لەوانە :

1-بۆ جیاکردنەوەی کارا لە بکەری ڕێزمانی دێرین، ئەوا هەموو کارایەک بکەری ڕێزمانی دێرینە،بەڵام بەپێچەوانە نابێ (سەعید :2009: 9).

2. کارا دەبێت هەردەم زیندوو بێت، واتە کارێک ئەنجام بدات .

3. شوێنی کارا ئارگیۆمێنتی دەرەکییە، کە دەتوانێ بەبێ ڕۆڵی واتایی بێت، ئەمەش وەکو وتمان ناوەڕۆکی کارەکە دەستنیشانی دەکات (قادر:2009: 123).وەک

(19) ئازاد گوڵەکەی چاند.

لێرەدا (ئازاد) : کارایە، ئارگیۆمێنتی دەرەکییە.

4. توانای ئەنجامدان، یان ئەنجامنەدان یەکێکە لە پێوەرەکان ناسینەوەی کارا. وەک:

(20) ئازاد بەڕیکەوت پەرداخەکەی شکاند.

(21) ئەلەند گوڵەکەی چاند.

لە ڕستەکانی سەرەوەدا وشەکانی (ئازاد) و (ئەلەند) ڕۆڵی کارایان نییە، چونکە مەبەستی ئەنجامدانی تێدا نییە، بۆیە هەریەک لە (کۆپەر) و (لانگێیەکەر) مەبەستی ئەنجامدان لە کردارێک دەکەنە پێوەری ناسینەوەی کارا. بۆ نموونە:

(22) ا۔ ئازاد منداڵەکەی گریاند.

ب ۔ ڕۆستەم بە چاوە زەقەکانی ئێمەی ترساند.

پ ۔ بایەکە کەپرەکەی ڕووخاند.

لەم نموونانەی سەرەوەدا، ئازاد لە ڕستەی (ا) و (ڕۆستەم) لە ڕستەی (ب) کاران، چونکە ترساندن و گریاندنی کارەکەیان ئەنجامداوە، و (بایەکە) لە ڕستەی (پ) کارا نییە، چونکە بەئیرادەوە کارێک لەوەوە ئەنجام نەدراوە و دەتوانین بڵێین کارایەکی بەتوانایە.

5. کارا دەبێت زیندوو بێت. وەک

(23) پشیلەکە خەوت.

6. کارا دەبێت بەهێز بێت . وەک


(24) کرێکارەکە دیوارەکەی دروستکرد.

7. کارا دەبێت مەبەست بگەیەنێت. وەک

(25) منداڵەکە گریا.

8. کارا دەبێت ئارگیۆمێنتی دەرەکی بێت.

(26) دلێر پەنجەرەکەی شکاند.




لە لایەکی ترەوە ئێمە دەبێت ڕۆڵە واتاییەکانی بکەر و چەمک و جۆرەکانی بکەر ئاماژە پێ بکەین.

بکەر یەکەم ئەرکی سینتاکسییە، بەشێوەیەکی گشتی کردەی کار جێبەجێدەکات، لە شیکردنەوەی ڕستەدا پێنج جۆر بکەر هەیە، کە ئەمانەن: (بکەری ڕێزمانی، بکەری لۆژیکی، بکەردیار، بکەرنادیار، بکەرنادیاری ئاماژەپێکراوە)(خۆشناو: 2016: 87).بەم شێوەیە باسی دەکات.

أ- بکەری ڕێزمانی: کەرەستەیەکی سەرەکی ڕستەیە، دەکەوێتە سەرەتای ڕستە، کار باسێکی لەبارەوە ڕادەگەیەنێت، لە کەس و ژمارەدا لەگەڵ کاردا ڕێکدەکەوێت(فەرهادی : 2013: 22)، جێکەوتەی بکەریی لە ڕستەدا پڕدەکاتەوە.

(27) پەنجەرەکە شکا.
پەنجەرەکە: بکەری ڕێزمانییە.
لە بنەرەتدا هێزێک هەیە، کە پەنجەرەکەی شکاندووە، ئینجا (+زیندوو بێت یان – نازیندوو)، بەڵام ئاماژەی پێنەکراوە، بۆیە پەنجەرەکە بووەتە بکەری ڕێزمانی.
ب- بکەری لۆژیکی (لۆجیکی): بریتییە لە بکەری ڕاستەقینەی کار، ئەگەرچی لە شوێنی بکەری ئاساییدا بەکارنەهاتبێت، یان لابرا بێت. (عومەر:2014:85). ئەم جۆرە دەکرێت جێکەوتەی بکەریی پڕبکاتەوە، یان پڕنەکاتەوە.
(28) نەسیرین تەشی دەرێسێت.
لێرەدا (نەسرین) بکەری لۆژیکە و کارێکی ئەنجام داوە.
3-بکەردیار
دەرکەوتنی ڕاستەوخۆی بکەرەکەیە لە ناو ڕستەدا بە ڕاپەڕاندنی ئەرکی خۆی هەڵدەستێت .(فۆرمی کارا دیار نیشانیدەدا پرۆتسێسی دیاریکردنی کار لەو شتەوە دێ، کە بۆ ئەو وشەیە تەرخانکرابێ و لەگەڵیدا فۆرمی کارەکە هاوجووت بێ و لێیەوە بەرەو ناوەوە بچێ) (مارف:2000: 315)بۆ نموونە
(29) ئازاد دەرگاکەی شکاند.
(30) لاوی چوو بۆ بازار.
لەم ڕستانەی سەرەوە (ئازاد ، لاوی) هەریەکەیان بکەرێکی دیارن، چونکە خۆیان کارەکەیان ئەنجامداوە .
هەردوو جۆری (بکەری ڕێزمانی و بکەری لۆجیکی) دەچنە ناو خانەی بکەردیار، چونکە لە ناو ڕستەدا دەردەکەون.(خۆشناو:2016: 84)
4-بکەرنادیار
لە زمانی کوردیدا کۆمەڵێک پێناسە بۆ بکەرنادیار هەیە، کە هەر هەموویان ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن. لە ناو ڕستەدا تەنیا ونبوون و دەرنەکەوتنی بکەرە ، ئەم شێوەیە تەنیا لە زمانی کوردیدا بوونی نییە، بەڵکو لە هەموو زمانەکانی دنیا بوونی هەیە بۆ نموونە:-
(31) خانووەکە ڕوخێنرا .
(32) پەنجەرەکە دەشکێنرێ.
لەم ڕستانەدا (خانووەکە ، پەنجەرەکە) هەر یەکەیان ڕۆڵی بکەرنادیاریان بینیوە .
5-بکەرنادیاری ئاماژەپێکراو
ڕستەی بکەر نادیار ئەو ڕستەیە، کە بکەرەکەی لە ناو ڕستەدا دەرنەکەوتووە ، کەچی لە زمانی کوردیدا حاڵەتی ئەو تۆ بەرچاو دەکەوێ کە بەڕێگەی وەسفی ڕستەسازیدا پەنجە بۆ کارا ڕابکێشرێت(مارف: 2000: 341) ، واتە لە شوێنێکی تری ناو ڕستەکە هەست بە بوونی (بکەر) دەکرێت لە ڕێگەی هەندێ وشە و پێشبەندا (بە ، لە، بۆ ، لەلایەن، بەدەستی).
بۆ نموونە :-
(33) باج لە دەوڵەمەند دەسێنرێ .
(34) کراسەکە بەدەستی نەسرین دووراوە.
جۆرەکانی کارا:
دەتوانین کارا بۆ چەند جۆرێک دابەشبکەین، بەم شێوەیە :
أ ـ ئەنجامدەر:
لەم جۆرەدا کارا خۆی کارەکە ئەنجام دەدات. وەک:
(35) منداڵەکە گوڵەکەی چاند.
لێرەدا (منداڵەکە) کردەوەکەی ئەنجامداوە، کە کارایە لە جۆری ئەنجامدەر.
ب ـ ئەنجامنەدەر:

لە ڕستەی نەرێدا کار ڕوونادات، لەبەر ئەوە لێرەدا (کارا) هیچ ڕووداوێک ئەنجام نادات(حسەین :2022: 140). وەک:

(36) لاوی وانەکەی نەنووسی.

لێرەدا (لاوی) کارایە، بەڵام کردەوەی ئەنجام نەداوە.

پ ـ گریمانەیی:

لەو ڕستانەی، کە کارەکانیان لە ڕانەبردوو ڕوودەدەن، یان ڕوونادەن، کارا لەنێوان ئەنجامدەر و ئەنجامنەدەردا دەبێت، واتە دەشێت کارەکە جێبەجێ بکات، یان نەکات. لەبەرئەوە بۆ یەکلاکردنەوە، چاوەڕێی ئەوە دەکرێت، کە ئایا کارەکە لە کاتی دیاریکراوی خۆیدا ڕوودەدات یان ڕوونادات، لەبەرئەوە بەشێوەیەکی گریمانەیی (بکەر)بە کارا دادەنرێت(حسەین :2022: 140). وەک:

(37) ئاریا بەیانی بۆ کەرکووک دەچێت.

لەم ڕستەیەدا (ئاریا) کارایە بەشێوەی گریمانەی کە ڕەنگە بۆ کەرکووک بچێت .

ت ـ هۆیی (Colleague):

کارا لە هەندێک ڕستەدا ڕاستەوخۆ کار بەئەنجام ناگەیەنێت، بەڵکو دەبێتە هۆکار، بۆ ئەوەی بەرکار ڕووداوێک جێبەجێ بکات، یان ڕووداوێکی بەسەردا بێت، ئەمەیش لەو ڕستانەدا دەبێت، کە کارەکانیان (تێپەڕی کۆزەتیڤ)ن. (عومەر:2008 : 67). وەک:

(38) منداڵەکە دەستی بڕی.

لەم ڕستەیەدا (منداڵەکە) بووەتە هۆکارێک بۆ ئەوەی دەستی بە چەقۆ ببڕێت.

ج ـ سەرپەرشتیکار:

هەندێک جار کارا کەسێکی سەرپەرشتیکار دەبێت و لەڕێگەیەوە ڕووداو جێبەجێ دەکات. (حسەین :2022: 140). وەک:

(39) ئەندازیارەکە خانووەکەی جوان دروستکردووە.

(40) پارێزگار نەخشەی ڕێگاکەی کێشا.

لەم رستانە هەریەکە لە فرێزەکانی (ئەندازیارەکە ، پارێزگار) ڕۆڵی سەرپەرشتیاریان وەرگرتووە لەوەی کارێکیان بە ئەنجام گەیاندووە.

2-2ڕۆڵی سێتای کارتێکراو ( Patient)

کارتێکراو کەسێکە، یان شتێکە، کە بەهۆی کردەیەکەوە کاری تێدەکرێت (محەمەد:2009: 96)، یان کارتێکراو شتێکە دەکەوێتە ژێر کاریگەری کارەکە و کاری تێدەکات(عبدالمناف:2022 :27)، یان کارتێکراو ئەو شتەیە، کە دەکەوێتە ژێر کاریگەری پرۆسەیەک یا کارێک ( kathol:2003:17 )، کەواتە کارتێکراو ئەو فرێزە ناوییەیە، کە کاریگەری کارەکەی دەکەوێتە سەریان و کاری تێدەکات (مجید :2016: 27). وەک دەردەکەوێت کارتێکراو واتای کەسێک یان شتێکە، کاریگەریی کارەکەی دەکەوێتە سەر. بە واتایەکی تر بەو ناوە دەوترێت، کە ئەنجامی کارێک بەدەستبهێنێت و کاردانەوەی کار بە گۆڕانی بارەکە دەبێت (عیمادی:1997: 95). یاخود کارتێکراو کەسێکە یان شتێکە، بەهۆی کردەیەکەوە کاری تێدەکرێت و بەهۆی گوزارەیەکیشەوە دەردەبڕدرێت(Tallerman: 1998:39)یان کارتێکراو ئەو دۆخە زیندووە یان نازیندووەیە کە لە ئەنجامی کردەی کارەوە گۆڕینی ناوەکی لە باری هۆشەکی ، دەروونی یان رووحی تێیداڕوودەدات(حەمە ساڵح:2023: 134)، کارتێکراو ئەو ئارگیۆمێنتەیە، کە بەرکاریگەری و ڕوودانی کارەکە دەکەوێت. سیماکانی ئەم ڕۆڵە بریتین لە :-

1-ئارگیۆمێنتی ناوەکییە.

2-ئاگیۆمێنتی زیندوو و نازیندوو دەگرێتەوە.

3-گۆڕینی باری تێدایە.

4-کاریگەری کاری دەکەوێتە سەر. بۆ نموونە:

(41) ئازاد(کارا) دەرگاکەی(کارتێکراو) بە کلیل( ئامێر) کردەوە.

(42) سەرۆکی حکوومەت(کارا) هەندێک مامۆستای زانکۆ(کارتێکراو) خەڵاتکرد.
واتە دەبێت ئارگیۆمێنتەکە گۆڕانێکی بینراو یان فیزیکیی بەسەر ڕەوشتەکەیدا(حاڵەتی مادییەکەی) هاتبێت، بەڵام لە سێتاڕۆڵی بابەتدا ئەم گۆڕانکارییە نییە(احمد : 2023: 44). وەک:
(43) منداڵەکە پەنچەرەکەی شکاند.
هەروەها دەکرێ کارتێکراو ڕۆڵێکی واتای بێت، کە بە بەرکار دەدرێت، بەرکارەکە کەوتووەتە ژێر کاریگەریی کارەکە و گۆڕانی بەسەردا هاتووە، کاریگەرییەکەش ئەرێنی، یان نەرێنی دەبێت.
لێرەدا ڕۆڵی واتایی کارتێکراو وەک بەرکار باسکراوە. وەک:-
(44) کاوە (کارا) دزەکەی (کارتێکراو) کوشت.
(45) پیاوەکە (کارا) منداڵەکەی (کارتێکراو) هەڵخەڵەتاند.
لەم دوو نموونەیەی سەرەوەدا، هەریەکە لە وشەکانی (دزەکە، منداڵەکە) کارتێکراون و بەهۆی هێزێکەوە کاریان تێکراوە. ڕۆڵی کارتێکراو لە دوا بەرهەمەکانی (فیلمۆر)دا بۆ ڕۆڵی (چێژەر) گۆڕاوە و بواری بەکارهێنانیشی وا فراوانبووە، کە هەردوو ڕۆڵەکە (کارتێکراو و چێژەر) بگرێتەوە. ئەم ڕۆڵە بەوە دەستنیشانکراوە، کە شارەزایی و گۆڕان لە باری هۆشەکی و دەروونی کەسێکدا پیشاندەدەن(سەعید :2009: 24):-
(46) ا. باوکم (چێژەر) لە پێ کەوتووە.
ب . ئاراس (چێژەر) شاری هەولێر و خەڵکەکەی خۆشدەوێت.
پ . Ø (چێژەر) وا هەستدەکەم یەکێک بانگم دەکات.
ت . Ø (چێژەر) سەرسامە.
ڕۆڵی کارتێکراو بەزۆری لەگەڵ کارە تێپەڕەکاندا دێت، کە توانا و ئامادەبوونێکی گەورەی تێدایە، تا لە ڕستەی بکەرنادیاردا شوێنی کارا بگرێتەوە(سەعید : 2009: 25). وەک:-
(47) ا- لاوی (کارا) مێزەکەی (کارتێکراو) شکاند.
ب- مێزەکە شکێنرا.
واتە کارتێکراو دەبێت:
أ. کارا بە ئارگیۆمێنتی بکەر بدات.
ب . کارتێکراو بە ئارگیۆمێنتی بەرکار بدات.
ئەم ڕۆڵە واتاییە لەلایەن ئەو کارە تێنەپەڕانەوە، کە بکەرەکانیان ڕێزمانین، یان لەلایەن ئەو کارە تێپەڕانەوە، کە بکەرەکانیان نادیارن، بە فرێزی ناویی بکەر دەدرێن. وەک :
(48)شوشەکە شکا.
دەکرێت بەهۆی ئەو کارتێکردنەوە، کارتێکراوەکە زیانی بەربکەوێت، واتە (زیانبەرکەوتوو) بێت، کە جۆرێکی کارتێکراوە. وەک :
(49) کەپرەکە ڕووخا.
(50)خانووەکە سوتا.
فرێزە ناوییەکانی (کەپرەکە، خانووەکە) بکەری ڕێزمانین، لە ڕووی سینتاکسییەوە چاڵی بکەریان پڕکردووەتەوە، ڕۆڵی (کارتێکراو)یان لە جۆری(زیانبەرکەوتوو) پێدراوە. دەکرێت ڕۆڵی واتایی کارتێکراوەکە لە جۆری(سوودمەند) بێت، کە بکەر وەریدەگرێت. وەک:
(51) منداڵەکە خەڵاتکرا.
لەم ڕستەیە فرێزی ناوی (منداڵەکە) کارتێکراوە لە جۆری سوودمەند.
(52) وەستاکە خانووەکەی دروستکرد.
لەم ڕستەیەدا (خانووەکە) بەرکاری ڕستەکەیە، ڕۆڵی واتایی (کارتێکراو)یان لە جۆری (زیانبەرکەوتوو) پێدراوە، لێرەدا

دەکرێت کارەکە کاریگەریی ئەرێنی دروستبکات، کە بەهۆیەوە (بەرهەم)ێک دێتەئاراوە، کە بەرکارەکە ڕۆڵی واتایی(بەرهەم)ی پێدەدرێت.

(53) نازە خورییەکەی ڕێسی.


لەم ڕستەیەدا فرێزی ناویی (خورییەکە) بەرکارە، ڕۆڵی واتایی (کارتێکراو)ی لە جۆری (بەرهەم) پێدراوە، هەروەها دەگونجێت جۆری (کارتێکراو) نە زیانبەرکەوتوو بێت و نە بەرهەم، بەڵکو بە کاریگەریی کار گۆڕان بەسەر بەرکاردا هاتبێت، چونکە ڕوودانی هەندێک کار، گۆڕانکاریی بەسەر بەرکاردا دەهێنێت( حسەین :2022: 129)، کەواتە لێرەدا بەرکارەکە ڕۆڵی واتایی (کارتێکراو)ی لە جۆری (گۆڕاو) پێدەدرێت.

(54) شاکار دەرگاکەی بۆیەکرد.

(55) ئاکار دەرگاکەی چاککردەوە.

هەریەکە لەم بەرکارانە (دەرگاکە، دەرگاکە) ڕۆڵی واتایی (گۆڕاو)یان پێدراون، چونکە لە ڕووی پاکوخاوێنی و جوانی و ڕووکارەوە گۆڕانیان بەسەردا هاتوون.

نواندنی ڕستە بەپێی ڕۆڵی سێتا




لەم هێڵکارییە ئەوە ڕوونکراوەتەوە، کە ڕۆڵی سێتا دەدرێت بە جێکەوتەیەکی ئارگیۆمێنتی، بۆیە لە دروستەی قووڵدا ئەو جێکەوتەیەی ڕۆڵی سێتا (کارا، کارتێکراو) وەردەگرێت، دەبێت بە کەرەستە پڕبکرێتەوە، بەڵام زۆرجار دەبینین جێکەوتەیەک ڕۆڵی واتایی هەیە، بەڵام بە کەرستە پڕنەکراوەتەوە، یان جێکەوتەیەک ڕۆڵی سێتای پێنەبەخشراوە (بکەر، بەرکاری ناڕاستەوخۆ، پریدیکات)، هەموو ڕۆڵەکانی سێتا دەدرێتە پاڵ جێکەوتەکانی فرێزی ناوی ئارگیۆمێنتی جێکەوتەیی، بەڵام هەموو ئەو جێکەوتانە ڕۆڵی سێتاییان نییە (Cook:1998: 115).

3-2 ڕۆڵی سێتای تەوەر (Theme) بابەت ، باس

تەوەر ئارگیۆمێنتێکە گەلێ ئاماژەکردن هەڵدەگرێ، وەک گۆڕینی بار، کە لە ئەدەبیاتی زماندا بەکاردێ. زۆرجار زاراوەی کارلێکراویش بۆ ئەم مەبەستە بەکاردێ.

ڕۆڵی سێتای تەوەر کەسێکە یان شتێکە کاریگەری کاری دەکەوێتە سەر بەبێ ئەوەی گۆڕانی ناوەکی تیایدا ڕووبدات (قادر: 2009 : 107) . ڕۆڵێکی واتایی زۆر بێلایەنە، ئەو شتەیە، کە لە ڕستەدا پەیوەندی بە ناوێکەوە هەیە و ڕۆڵەکەشی لە ڕوداوێک، یان لە بارێکدایە، کە بەهۆی کارەوە ڕووندەبێتەوە. بە واتایەکی تر بەو شتە دەوترێ، کە ڕووداوەکە کاری کردووەتە سەری، یان ڕووداوەکەی بەسەردا هاتووە(سەعید: 2009: 26).

کەواتە باس لەم ڕۆڵەدا (بەرکار)ە، بەزۆری بابەتێکی بێلایەن هەڵدەبژێرێت و ئەرکی سێتای (تەوەر) دەبینێت. واتە بارودۆخی بەرکارەکە گۆڕانی بەسەردا نایەت، پێش کردەی کارەکە و دوای کردەش، هەمان بارودۆخی دەبێت( (حسەین & عبدالله : 2023: 74). یان باس ئەو کەسە یان ئەو شتەیە، کە لەلایەن کارەوە کاری تێدەکرێت(قادر:2011: 54). یاخود باس کەسێکە یان شتێکە، کە کاریگەریی کارەکەی دەکەوێتە سەری، واتە کردەی کارەکەی بەسەردا جێبەجێدەکرێت (والی :2015: 21).

سیماکانی ئەم ڕۆڵە بریتیین لە :

1. ـ زیندوو بێت .

2. ئارگیۆمێنتێکی ناوەکییە.

3. ± گۆڕینی باری تێدایە.
4. بەزۆری لەگەڵ کارە تێپەڕەکان دێت .
5. هەندێ ڕستەی بکەرنادیار دەگرێتەوە.
6- هەندێک کات ئارگیۆمێنتی دەرەکییە. بۆ نموونە :-
(56) شەونم پارەکەی(تەوەر) دۆزییەوە.
(57) شەیدا فلیمەکەی(تەوەر) بینی.

دەبێ لێرەدا ئاماژە بۆ ئەوە بکەین، کە جیاکردنەوەی تەوەر و بابەت ( Theme) و کارتێکراو لای زمانەوانەکان زۆر نییە، هەندێکیان باوەڕیان وایە یەک ڕۆڵی سێتا هەردووکیان دەنوێنێ و هەندێکی تر ڕایان وایە دوو ڕۆڵی سێتای جیاوازیان هەیە. ڕۆڵی سێتای کارتێکراو (Patient )ئاماژە بە مرۆڤ دەکات، کە گۆڕانێکی ناوەکیی بەسەردا هاتبێTheta Role (قادر : 2009 : 124)، بەڵام ڕۆڵی بابەتانەی تەوەر(Theme) ئاماژە بە گۆرینی بار دەکات، بۆ نموونە:
(58) شوشەکە (تەوەر) شکا.
(59) گەڵای دارەکە (تەوەر) هەڵوەری.

ئەمانە هەمووی گۆڕینی (بار)یان تێدایە بەڵام کارتێکراو(Patient) گۆڕینی باری تێدا نییە، بەڵام مەرج نییە هەموو دەم کارتێکراو(Patient) بۆشایی بەرکار پڕبکاتەوە، بۆ نموونە:
(60) شیرین(کارتێکراو) مرد.

لەم نموونەیەدا (شیرین) تاکە ئارگیۆمێنتی کاری (مرد)ە، لێرەدا ڕۆڵی سێتای (شیرین) کارتێکراوە (Patient)،بەم شێوەیە:
(61) ژنەکە مرد.

هەردووکیان ئارگۆمێنتی ناوەکیین و ئەم جۆرە سیمایە وەردەگرن:
تەوەر ± زیندوو + گۆڕینی بار . گوڵەکە هەڵوەری.
کارتێکراو ± زیندوو - گۆڕینی بار. منداڵەکە خنکا.
(62) ئەو ئۆتۆمبێلەکەی فرۆشت.
(63) نەرمین باخچەکەی ئاودا.

لەم ڕستانەدا (ئۆتۆمبێلەکە، باخچەکە) فرێزی ناویی بەرکارن، ڕۆڵی واتایی (باس)یان پێدراوە، چونکە تەنیا باسێکن لە ڕستەکاندا و بارودۆخەکانیان گۆڕانیان بەسەردا نەهاتوون.
(64) قوتابخانەکە(باس) نۆژەنکرایەوە.

بەگشتی ئەم ڕۆڵە لەگەڵ ئەو کارە تێپەڕانەدا دێت، کە بار و ڕووداو پیشاندەدەن. زاراوەی ئەم ڕۆڵەش نابێ لەگەڵ بەرکاری ڕاستەوخۆ تێکەڵ بکرێ، هەروەها نابێ لەگەڵ دۆخی (نصب)دا هاوواتا بێت.
(65) شیرین (کارا) کراسەکەی (باس) دەدوورێت.
(66) نازە (کارا) مەڕەکەی (باس) دۆشی.

ڕۆڵی باس لە گرتنی شوێنی کارا لە ڕستەی بکەرنادیاردا لە هەموو ڕۆڵەکانی تر بەتواناترە.
(67) ا- ئازاد (کارا) پەنجەرەکەی (باس) شکاند.
ب- پەنجەرەکە (باس) شکێنرا.
(68) ا- منداڵەکە (کارا) شوشەکەی (باس) دزی.
ب- شوشەکە (باس) دزرا.

سنووری دەرکەوتنی ئەم ڕۆڵە جگە لە ڕۆڵی کارا، لە هەموو ڕۆڵەکانی تر فراوانترە و لەگەڵ زۆربەی ڕۆڵەکانی تردا دێت، ئەم ڕستانەی خوارەوەش ئەم ڕاستییە بەدیار دەخەن(سەعید:2009: 26).
(69) سەردار (کارا) کەپرەکەی (باس) ڕووخاند.

(70) خانووەکەی (باس) لە ئێمە (کارتێکراو) داگیرکرد.

کەواتە باس ڕۆڵێکی سێتایە بە فرێزی ناویی بکەر دەدرێت، کە لە ڕستەکەدا زانیارییەک دەربارەی فرێزە ناوییەکە دەخرێتەڕوو، بەهۆی گوزارەیەکیشەوە گوزارشتی لێدەکرێت، گۆڕینی باری تێدا نییە و هیچ گۆڕانکارییەک ڕوونادات (قادر:2009: 124). وەک :

(71) باخچەکە گەورەیە.

(72) هێز لە یەکگرتندایە.

هەروەها بابەت ئەو فرێزە ناوییەیە، کە کاریگەریی کارەکەی دەکەوێتە سەری یان کاری تێدەکات(احمد: 2023: 44). وەک:

(73)کاوە کتێبەکەی هێنا.

لە کاتێکدا بابەت دەتوانێت جێکەوتەی بکەری وەربگرێت، کاتێک لەپێش بابەتەوە کارا نەهاتبێت (Lobner:2013:124). وەک:

(74) أ. منداڵەکە دەرگاکەی کردەوە.

کارا بابەت

ب ـ دەرگاکە لە لایەن منداڵەکەوە کرایەوە.

بابەت فرێزی سەرپشکی/ کارا

لە زمانەوانیدا تەوەر(باس) و کارتێکراو لە لێکۆڵینەوە سیمانتیک و سینتاکسییەکاندا دوو ڕۆڵی جیاوازن، بەتایبەتی لەناو ڕۆڵی سێتا یان ڕۆڵی کەیسدا، کە پەیوەندییەکانی نێوان کارەکان و ئارگیۆمێنتەکانی پەیوەست بەم ڕۆڵانە خراوەتەڕوو:

1-تەوەر :

تەوەر ئەو ئارگیۆمێنتەیە، کە لەلایەن کارەکەوە دەجووڵێت، کاریگەری لەسەرە، یان ئەزموون دەکرێت، بەڵام مەرج نییە چالاکانە بگۆڕدرێت. زۆرجار تەرکیزی ئەو کارە یان حاڵەتەیە، کە لەلایەن کارەوە دەربڕدراوە. تەوەر دەتوانن بێگیان یان زیندوو بن.

هەروەها تەوەر گۆڕانکاری لە دۆخدا ناکات، بەڵکو وەک خۆی دەمێنێتەوە. بۆ نموونە (جووڵاندن، بینین، ڕاگرتن). وەک:

(75) لاوی کتێبەکەی هەڵگرت.

بابەتەکە بریتییە لە (کتێبەکە)، چونکە ئارگیۆمێنتێکە هەڵدەگیرێت.

(76) ئازاد کچەکەی بینی.

بابەتەکە بریتییە لە (کچەکە)، چونکە ئارگیۆمێنتێکە دەبینرێ.

2-کارتێکراو:

کارتێکراو ئەو ئارگیۆمێنتەیە، کە گۆڕانی بارودۆخی بەسەردا دێت، یان ڕاستەوخۆ کاریگەری کارەکەی لەسەرە. زۆرجار کارتێکراوەکان زیندوون، بەڵام دەتوانن بێگیانیش بن. کارتێکراو بەشێوەیەکی گشتی کاریگەری لەسەر دەبێت، کە گۆڕینی دۆخ، یان بارودۆخی لەخۆدەگرێت. بۆ نموونە ( شکاندن، چاکبوونەوە، پێوەدان). جیاوازییەکە ئەوەیە، کە کارتێکراو بەهۆی کارەکەوە گۆڕانکاری، یان کاریگەرییەکی ڕوونتر لەسەر کارەکە جێبەجێ دەکات. بۆ نموونە:

(77) پزیشکەکە نەخۆشەکەی چارەسەرکرد.

کارتێکراو (نەخۆشەکە)یە، چونکە ڕاستەوخۆ کاریگەری کارەکەی لەسەرە .

(78) منداڵەکە گوڵدانەکەی شکاند.

کارتێکراو (گوڵدانەکە)یە، چونکە گۆڕانی دۆخی بەسەردا دێت، کە(دەشکێت)ە.

4-2 ڕۆڵی سێتای ئامێر Instrument

ئەم ڕۆڵە ئامێرێکە کارێکی پێ جێبەجێ دەکرێت، واتە ئارگۆمێنتێکە بەهۆیەوە کارێک ئەنجام دەدرێت( قادر: 2009: 127)، یان ئەنجامدانی هەر کارێک بەهۆی(ئامێرێک یان شتێک یان کەسێک) ئەو دۆخە بە ئامێری ناودەبرێت. ئەم ڕۆڵە

زۆرجار لە زمانی کوردیدا بە پێشبەندی (بە) دادەڕێژێت (ئەمین :2015: 9).یان ئامێر ئەو شتەیە، کە دەبێتە هۆی بە ئەنجامگەیاندنی کارێک ( قادر :2011: 55).یان ئامێر ئامرازێکە یان هۆیەکە، کە کارێکی پێئەنجامدەدرێت(والی :2015: 22). بە واتایەکی تر ئامێر ئامرازێکە یان شتێکە لەلایەن کاراوە بۆ ئەنجامدانی کارێک بەکاردێت، واتە ئامرازێکە یان هۆکارێکە بۆ ئەنجامدانی کارێک(احمد،2023، 46). یان ئامێرێکە یان شتێکە لەلایەن کاراوە بۆ ئەنجامدانی/ هەڵسووڕاندنی کارێک بەکاردەهێنرێت(مجید: 2016: 27).هەروەها ئەم دۆخە ئەو فرێزە ناوییانە دەگرێتەوە، کە بێهۆش و بێگیانن و دەبنە هۆکار لە ئەنجامدانی کارەکانی ناو ڕستە و بەهۆی کارەوە دەستنیشان دەکرێن(سەعید: 2009: 22). یان ئامێر ئەم ڕۆڵە واتاییە بکەرە نازیندووەکان دەیانبینێت، کاتێک لە شێوەی ئامێردان و کار جێبەجێ دەکەن، یان نایکەن سیماکانی ئەم ڕۆڵە بریتیین :-

1-دەبێت ئارگیۆمێنتێکی ـ زیندوو بێت .

2-ئارگیۆمێنتێکی ناوەکییە.

3-± گۆڕینی باری تێدایە.

4-لەگەڵ ئەو کارانە دێت، کە ڕووداو پیشاندەدن .

5-بەهۆی پێشبەندی (بە) لە ڕستەدا دەناسرێتەوە.

6-هەندێجار لەگەڵ ڕستەی بکەرنادیاریش دێت . بۆ نموونە :-

(79) شیرین دەرگاکەی بە کلیل کردەوە.

(80) بە کارەبا سوتا.

ئامێریش سیمای < - زیندوو > هەڵدەگرێ.

سەرنجدانی ئەم ڕستانە، ئەوەمان بۆ بەدیاردەخات، کە ئەو فرێزە ناویانەی هێڵیان بەژێردا کێشراوە، لە ڕۆڵی ئامێردان، چونکە لەگەڵ کارەکانیاندا جۆرە پەیوەندییەک گرێیداون، بەهۆی ئەو پەیوەندییەوەش دەتوانین ناویان بنێین ناوی ئامێر. گەڕانەوەشمان بۆ پێناسەکەی سەرەوە، ئەم ڕاستییە دەچەسپێنێ، کە ڕۆڵی ئامێر بەزۆری لەگەڵ ئەو کارانەدا دێت، کە ڕووداو پیشاندەدەن. تەنانەت پێشبەندی (بە)ش دەکەوێتە پێش ئەو ناوانەی وەک ئامێرێک لە بەدیهێنانی ڕووداوەکە دەوریان دەبێ. وەک: بە ئاگر، بە دەست، بە بەریددا، بە خەنجەر، بە گوللە، بە قسە... هتد.

(81) منداڵەکە (کارا) بە ئاگر (ئامێر) دەستی براکەی سووتاند(سەعید: 2009: 23).

شایەنی باسە ئارگیۆمێنتی ئامێر کاتێک بەشداری دەکات لە ڕستەدا بەزۆری لەگەڵ ئەو کارانە دەبێت کە ڕوودان دەردەبڕن، ڕوودانی شتێکیش یان ئەنجامدانی کارێک بەهۆی ئامێرەوە دەبێ بەزۆری ناوی ئامێرەکە لەگەڵ پێشبەندی(بە)دا ڕێکبکەوێت و فرێزێکی بەند دروست بکات ئینجا بەشداری لە ڕوودانی کارەکەدا بکات(عەبدولڕحمان:2009: 99).

(82) سەردار (کارا) بە خەنجەر (ئامێر) دزەکەی کوشت.

ناوی ئامێر لە توانایدا نییە ببێتە بکەری ڕستەی نادیار، بەڵام هەروەک سەربار لە ڕستەدا دەمێنێتەوە(سەعید: 2009: 23).

(83) ا- بە قسە (ئامێر) هیچ نەوترا.

ب- هیچ نەوترا.

(84) ا- بە چەقۆ(ئامێر) بریندار کرا .

ب- بریندار کرا.

ڕۆڵی ئامێر بەپێی کارەکەی بەتەنیا و لەگەڵ ڕۆڵەکانی تریشدا ڕێکدەکەوێت، هەروەک ئەم نموونانە دەریدەخەن:

(85)منداڵەکە (کارا) بە بەرد (ئامێر) پەنجەرەکەی شکاند.

ناوی ئامێر توانای ئەوەی هەیە ببێتە بکەری ڕێزمانی، لە کاتێکدا کارا لە ڕستەدا نەبێ، وەک بەو ڕستانەدا دەردەکەوێت (سەعید: 2009: 23).

(86) گولله کوشتی.

(87) بەردەکە شوشەکەی شکاند.

وەکو لەو دوو نموونەیە وشەکانی (گولله و بەردەکە) هەر دووکیان ئامێرن، بەڵام لێرەدا ڕۆڵی بکەری ڕێزمانی ڕستەکەیان بینیوە.

5-2 ڕۆڵی سێتای سوودمەند Benefactive

هەندێ لە زمانەوانەکان سوودمەند بە (سوودوەرگر) ناودەبەن .

سوودمەند ئەو فرێزە ناوییەی لە بارودۆخێکدا سوودمەند دەبێت لە پرۆسەیەک یان ڕووداوێک ئەم ڕۆڵە وەردەگرێت، مەرجیش نییە هەموو وەرگرتن و بەدەستهێنانێک سوود بە کەسێک بگەیەنێت و ئەم ڕۆڵەی پێببەخشێت(Katamba:2006:269).

سوودمەندیش بەو کەسە دەوترێ، کە سوود لە کارەکە وەردەگرێت، واتە ئەم ڕۆڵە دەستنیشانی کەسێک دەکات، کە سوود لە ڕووداوێک، یان کارێک وەردەگرێت و بەپێی کارەکەی بەدیاردەکەوێت، هەردەم سیمای (+زیندوو) وەردەگرێ(سەعید: 2009: 28).

سوودمەند ڕۆڵێکی سێتای زیندووە بەو فرێزە ناوییە بەرکارانە دەدرێت، کە لە ڕوودانی کارێک سودمەند دەبن(حسەین:٢٠٢٢:140). بەپێی ئەم پێناسەیە بێت، دەبێت سوودمەند کەسێکی بەرکار بێت و سوودی لە ڕوودانی کارەکە وەرگرتبێت.

(88) پیاوەکە پارەکەی بە هەژارەکە بەخشی.

لێرەدا فرێزی ناوی بەرکارەکە، کە (هەژارەکە)یە سوودمەندە، چونکە سوودی لە ڕوودانی کارەکە وەرگرتووە.

سیماکانی ئەم ڕۆڵە :

1. دەبێت (+ زیندوو) بێت .

2. دەبێت فریزە ناوییەکە (بەرکار) بێت .

3. بەزۆری لەگەڵ کارە تێپەڕەکان دێت .

4- دەبێت ئارگۆمێنتێکی دەرەکی بێت.

5-هەندێ کات دەکرێ سودمەند کەسێکی بکەری بێت.

6-هەندێجار ڕستەی بکەر نادیاریش دەگرێتەوە.

لە هەمان کاتدا لەلای (ئازاد ئەحمەد حسەین) دەڵێ سوودمەند دەبێت کەسێکی بکەری بێت.

کەواتە سوودمەند (Beneficiary) ئەنجامی ڕوودانی هەندێک کار دەبێتە هۆی سوودگەیاندن بە بکەر (حسەین:٢٠٢٢:141). سوودمەندیش لەنێوخۆیدا جۆراوجۆرە، دەکرێ بەسەر سوودمەند و سوودوەرگر دابەش بکەین:

1-سوودمەندیی / سوودمەند : ئەو کەسەی یان شتەی لە بەئەنجامگەیاندنی کارەکەدا سوودمەند دەبێت (مجید: 2016: 27)، یان سوودمەند بۆ ناوێک دەگەڕێتەوە، کە بەرهەمی ڕووداوی کارەکە بەدەستبێنێت، واتە بە کەسێک یان شتێک دەگوترێت، کە سوود لە کارێک یان ڕووداوێک وەربگرێت(احمد،2023، 45).

2- سوودوەرگر : ئەو کەسە یان ئەو شتەیە، کە سودی وەرگرتبێت( تارا محسن قادر :2011: 54)، یان سوودوەرگر بۆ ناوێک دەگەڕێتەوە، کە پێدەچێت سوودی لە کار و ڕووداوەکە وەرگرتبێت، لەڕاستیدا کارەکەش بەو هۆیە ئەنجامدەدرێت، کە سوودێکی پێبگەیەنێت، جا ئەگەر سوودەکە بە سوودمەند بگات یان نەگات(سیروان سمین احمد،2023، 45).

(89) باوکەکە منداڵەکانی بۆ سەیران برد.

لەم ڕستەیەدا فرێزە ناوییە بەرکارییەکەی (منداڵەکان) ڕۆڵی سێتای (سودمەند)ی پێدراوە، چونکە لە ڕستەکەدا سودمەندبووە.

(90) کتێبەکەیان بۆ ئێمە (سوودمەند) هێنا.

(91) شوان (کارا) سێوەکەی (باس) دا بە شەماڵ (سوودمەند).

(92) نامەکەی بۆ باوکی (سوودمەند) خوێندەوە.

شایانی سەرنجە، کە ئەم ڕۆڵەش لەو ڕۆڵانەیە، کە (فیلمۆر) خۆی زۆر بڕوای پێی نییە، یان لێی دوودڵە.

(93) من کتێبەکەم دا بە ئەو.

لە فرێزی بەندی (بە ئەو) ڕۆڵی سوودوەرگری لە کارەوە وەرگرتووە. هەندێجار سوودمەند ڕستەی بکەرنادیارکانیش دەگرێتەوە. وەک:

(94) ئاسۆ (سوودمەند) خەڵاتکرا.

لێرەدا (ئاسۆ) سوومەندە و سوودی لە کارەکە وەرگرتووە.

2-6ڕۆڵی سێتای زەرەرمەند Damaged

ئەم ڕۆڵەش پێچەوانەی سوودمەندە، کە تێیدا کەسێک یان شتێک زەرەرمەند دەبێت لە ڕوودانی کارەکە .

سیماکانی ئەم ڕۆڵەش بریتیین لە :-

1. ئارگیۆمێنتێکی ناوەکییە .

2. زیندوو و نازیندوو دەگرێتەوە.

3. کاریگەری کاری لەسەر دەردەکەوێت .

4-زۆربەی کات زەرەرمەند فرێزی ناوی بەرکارە .

5-هەندێجار ڕستەی بکەر نادیاریش دەگرێتەوە. بۆ نموونە:

(95) کامێراکە تیژڕۆی ئۆتۆمبێلەکەی تۆمارکرد.

لێرەدا (خاوەنی ئۆتۆمبێلەکە) زەرەرمەندە و لەلایەن کارمەندی هاتوچۆوە پێبژاردنی بۆ دەکرێت.

(96) بایەکە دارەکەی شکاند.

لێرەدا فرێزی ناوی (دارەکە) زەرەرمەندە و بەر کاریگەریی هێزی کار کەوتووە.

(97) دزەکە دەستگیرکرا.

لێرەدا (دزەکە) زەرەرمەندە بەر کاریگەریی هێزی کار کەوتووە.

2- 7ڕۆڵی سێتای شوێن (لۆکاڵ) Locative

بریتییە لە شوێن، کە وەک وەرگر (Recipients) یان دوا خاڵی ڕێڕەو(Path)کار بکات(قادر :2009: 125). دۆخی شوێن ئەو فرێزە ناوییانە دەگرێتەوە، کە شوێنی ڕوودانی کار نیشاندەدەن، ئەو فرێزە ناوییانەی دەستنیشانکراون(سەعید: 2009: 27).

یان شوێن ئەو حاڵەتەیە کە شوێنەکە دیاری دەکات. یان ئاراستەکردنی فەزایی ئەو دۆخە یان کارەی کە لەلایەن کارەکەوە دەستنیشان کراوە.(Filmor:1968: 48). یان ڕۆڵی سێتای شوێن ئەو شوێنەیە، کە بار/ حاڵەت یان کارێکی تێدا ڕوودەدات (قادر :2011: 54). هەروەها ئەو شوێنەی، کە بارێک نیشاندەدات، یان کارێکی تێدا ڕوودەدات و بەهۆی گوزارەیەکەوە گوزارشتی لێوەدەکرێت (Haegeman: 1998:50). یاخود دەکرێ بوترێ، کە ئەو شوێنەیە، کە کارەکەی تێدا ئەنجام دەدرێت(مجید :2016: 27). یان ئەو ئارگیۆمێنتەیە، کە شوێنی ڕوودانی کارەکە دەستنیشان دەکات .

سیماکانی ئەم ڕۆڵەش بریتین لە :-

1. ئارگیۆمێنتی ناوەکییە .

2. بەهۆی پێشناوەوە ڕۆڵە سێتاکەی پێدەدرێ.

3. ئەو شوێنەیە، کە ڕووداوەکەی تێدا بە دەردەکەوێ.

4. ئارگیۆمێنتێکی نازیندووە .

5 ـ ئەم ڕۆڵەش لە ناوخۆیدا چەند جۆرێکی هەیە.

6 ـ زۆرجار وا دەبێت لەگەڵ ئامانج(Goal) ڕۆڵەکەیان تێکەڵ یەکتر ببن، بۆ نموونە :-

(98) من بازم دایە ناو باخەکە. (Goal)

(99) من بازم دایە ناو باخەکە. (Location)

بەڵام دەکرێ بە سیماکان جیابکرێنەوە.

(100) لە قوتابخانە (شوێن) فێری زانست دەبین.

(101) ئەم شارە (شوێن) خۆشە.

شایانی باسە ڕۆڵی شوێن لەگەڵ زۆربەی ڕۆڵەکانی تردا دێت، لەو ڕۆڵانەشە، کە لە هەموو بەرهەمەکانی (فیلمۆر)دا ناوی هاتووە و باسیکراوە.

(102) ئەوان لە سەیرانگاکەدا کاتێکی خۆشیان بەسەربرد.

لەم ڕستەیەدا فرێزی بەندی (لە سەیرانگاکەدا) ڕۆڵی شوێنی وەرگرتووە.

پێویستە ئاماژە بەوە بکرێت، کە هەندێک جار ڕۆڵە سێتاکان تێکەڵ بەیەکتر دەبن، بۆ نموونە تێکەڵبوونی ڕۆڵی سێتای (ئامانج) و (شوێن) یان (ئامانج) و (سوودمەند)، وەک:

(133) أ- هانا بۆ خوێندن چوو بۆ بەریتانیا.

لە (أ)دا فرێزی پێشناویی (بۆ بەریتانیا) ڕۆڵی سێتای (ئامانج/ شوێن)ی هەیە، واتە (بەریتانیا) هەم شوێنە و هەم ئامانجە.

ب- هەستی کتێبەکەی بۆ من نارد.

لێرەدا فرێزی پێشناویی (بۆ من) هەڵگری ڕۆڵی سێتای (ئامانج / سودمەندە) (والی :2015: 22).

بەپێی بۆچوونی (کوپەر: 1992: 49) ئەو ڕۆڵە تەنیا ئاوەڵگوزارە شوێنییەکان ناگرێتەوە، بەڵکو هەندێ حاڵەتی ئەبستراکتیش لەبەرچاودەگرێت، بۆ نموونە دۆخی خاوەندارێتی بە یەکێک لەو کاتیگۆرییە دادەنرێت( عیمادی: 1997: 86).

(134) ا. ئازاد دوو مانگ کتێبەکەی لای خۆی هێشتەوە.

ب . بەهۆی بێئاگایم لەماڵەوە چەند مانگێک زۆر دوودڵ بووم.

پ . شاری هەولێر کۆنترین شارە لە مێژوودا.

لەو نموونانەی سەرەوە ئەو فرێزە ناویانەی کە هێڵی بە ژێردا هاتووە هەموویان ڕۆڵی سێتای شوێنیان وەرگرتووە .

شوێنیش چوار جۆری هەیە، کە بریتین لە : سەرچاوە، ئامانج، شوێنی جێگیر، ڕێڕەو :

أ. سەرچاوە و سەرەتا :

شوێنی یەکەمی ئەنجامدەرە و ئەو شوێنەی لێی دەجووڵێت، دیاریدەکات، وەک :

(135) هاوکار لە ماڵەوە هات.

(136) ئێمە لە هەولێرەوە بۆ دهۆک ڕۆیشتین.

واتە ئەم ڕۆڵە سێتایە، شوێنی سەرەتای دەستپێکردنی کارە.

ب . ئامانج :

ئەو شوێنەیە، کە ئاراستەی ڕوودانی کار نیشاندەدات و بۆی دەجووڵێت، وەک :

(137) منداڵەکە بۆ لای پەنجەرەکە ڕۆیشت.

(138) خوێندکارەکان تا زانکۆ دەڕۆن.

پ . شوێنی جێگیر:

ئەو شوێنە جێگیر و نەگۆڕەیە، کە کارەکەی تێدا ڕوودەدات، وەک :

(139) ئاکار و ئالان لە یاریگەکەدا یاریدەکەن.

(140) نازەنین لە پۆلدا هۆنراوەکەی خوێندەوە.

ت . ڕێڕەو :

ئەو شوێنەیە، کە ئاراستەی ڕوودانی کار، بەناویدا تێپەڕ دەبێت، واتا شوێنێکی ناوەندە، دەکەوێتە نێوان (سەرچاوە و

ئامانج)ەوە، وەک:

(141) ئێمە لە هەولێرەوە بە کۆیەدا بۆ سلێمانی ڕۆیشتین.

دەشێت لەگەڵ ئەم ڕۆڵە سێتایە (سەرچاوە) یان (سەرچاوە و شوێن )دەرنەکەون، وەک :

(142) سەربازەکان بە شارەکەدا تێپەڕین.

واتە ئەم ڕۆڵە سێتایە، ئاماژە بۆ ئەو شوێنە دەکات، کە بکەر لێیەوە( لە سەرچاوەوە بۆ ئامانج) دەجوولێت ( Crystal 1993: 322)، واتە بارێک نیشاندەدات، یان کارێکی تێدا ڕوودەدات و بەهۆی کارێکەوە گوزارشتی لێدەکرێت (Haegeman :1998:50).

8-2 ڕۆڵی سێتای ئامانج Goal:

هەندێ لە زمانەوانەکان ڕۆڵی (ئامانج) بە ڕۆڵی (کۆتایی مەبەست)یش ناودەبەن. ئامانج بە ڕۆڵی کەرەستەیەک دەوترێت، کە ئاڕاستەی کارەکە بۆ لای ئەو بێت، جا ئەگەر کارەکە ئیرادی بێت، یان لائیرادی، ئەبستراکت بێت، یان بەرجەستە، ئەو کارەکە کۆتایی هاتبێت یان نەهاتبێت(Haegeman :1998:50). بۆ نموونە:

ا۔ دوای سێ کاتژمێر لێخوڕینی بەردەوام گەیشتینە شارەزوور(ئامانج)

ب ۔ ئێمە بەمەبەستی چوونە هەولێر (ئامانج) سلێمانیمان بەجێهێشت.

لێرەدا گەیشتن یان نەگەیشتن بۆ ئەو شوێنە نەخراوەتەڕوو(محەمەد: 2009: 98).

ئەم ڕۆڵە لەو ڕۆڵانەیە، کە(فیلمۆر) لە بەرهەمی( ١٩٧١)دا ناوی هێناوە و وەک ڕۆڵێکی سەربەخۆ ڕەفتاری لەگەڵ کردووە، بەم شێوەیەش ڕوونیکردووەتەوە:

ئەو شوێنە یان خاڵەیە، کە هەندێ شت بۆی دەڕۆن، یان دەکشێن، واتە ڕۆڵی ئامانج دەستنیشانی کۆتایی باس، یان بار یان کاتێکی دیاریکراو، یا شوێنێک دەکات(سەعید ،2009: 27). یان ئەو شوێنەیە، کە کارەکەی بۆ ئاڕاستە دەکرێ، یان دوا خاڵی گەیشتنی کارەکەیە(قادر ، 2009: 125). بەجۆرێکی تر ئامانج ئەو کەرەستەیەی کە ئاراستەکە بەلای ئەوە، ئینجا ئاڕاستەکە چ کۆنکرێت بێ یان نابەرجەستە بێت (Filmor:1968:49)

هەروەها مەبەست/ ئامانج ئەو کەسەیە یان ئەو شتەیە، کە ئامانجی کارەکەی هێنابێتە دی(قادر ،2011: 54).

بە واتایەکی تر ئامانج/ مەبەست کەسێکە یان شتێکە یان شوێنێکە، کە ئامانجی ڕوودانی کارەکە دەستنیشاندەکات(والی ،2015: 21).

ئامانج بۆ کەرەستەیەک دەگەڕێتەوە، کە (کار)ەکە ئاراستەیە بۆ لای ئەو، جا ئەو کارە بە ئارەزووی بێت یان بەخورتیی یان کۆنکریتی بێت یان کۆنکریتی نەبێت، واتە کەسێکە یان شتێکە ئامانجی ڕوودانی کارەکە دەستنیشاندەکات(احمد،2023، 46). یان ئەو ئارگیۆمێنتەیە، کە دوا خاڵی ئاراستەمان بۆ دەستنیشاندەکات دەمانگەیەنێتە خاڵی مەبەست .

سیماکانی ئەم ڕۆڵە بریتین لە :-

1. ئارگیۆمێنتی ناوەکییە .
2. ئارگیۆمێنتی زیندوو و نازیندوو دەگرێتەوە.
3. ئامانجی ڕوودانی کارەکە دەستنیشاندەکات.
4. ئارگۆمینتێکە کاری بۆ ئاراستە دەکرێت.
5 ۔ هەندێجار لەگەڵ (شوێن) ڕۆڵەکەیان تێکەڵ یەکتردەبن.

(143) أ۔ ئێمە چووینە دهۆک. کۆنکرێتییە

ب ۔ مامۆستا ئامۆژگاری قوتابییەکانی کرد. نابەرجەستە

کەواتە ئامانج بریتییە لە ڕۆڵی ماناداری ئەو شوێنەی شتێک بۆی دەڕوات، شتێکە تێیدا کارێک ئاراستەی دەکرێت.

(144) نامەکەم بۆ نەرمین نارد. + زیندوو (ئامانج)

(145) نامەکەم لەسەر مێزەکە دانا. – زیندوو (ئامانج، شوێن)

هەندێ جار تێکەڵاوییەک لەنێوان ڕۆڵی ئامانج و شوێندا دەبینرێت و بەپێی چوارچێوەی واتای ڕستەکە ڕووندەکرێتەوە و دەستنیشان دەکرێت، وەک لەم نموونانە پیشاندراوە:

(146) من (کارا) لە کاروان (ئامانج) دواکەوتم.

(147) لە کاروان (شوێن) پارەکەم (باس) ون کرد.

زۆرجار ڕۆڵی ئامانج لەگەڵ ڕۆڵی سەرچاوە لە یەک ڕستەدا دەردەکەوێت(سەعید :2009: 28).

(148) کاروان(کارا) شەکر و چا (باس) لە شارەوە(سەرچاوە) بۆ دەشت (ئامانج) دەبات.

خاڵی دەستپێکردنی جووڵاندنی کەسێک یان شتێک بە(سەرچاوەی) دادەنرێت، بەڵام خاڵی کۆتایی جوڵاندنەکە بە (ئامانج) دادەنرێت، بڕوانە (Liliane :1994:663)،(Todd:1987:103) (Yule:2006:103).

9-2 ڕۆڵی سێتای سەرچاوە Sourcr

ڕۆڵی سەرچاوە لەو ڕۆڵانەیە، کە (فیلمۆر) لە بەرهەمە نوێیەکانیدا دەستنیشانیکردووە و بە ڕۆڵێکی سەربەخۆی داناوە. سەرچاوە مەبەست لە شوێنی دەستپێکردنی کارە، بەزۆری لەگەڵ ئەو کارانەدا دێن، کە جووڵە یان ئاڕاستەیان تێدایە(قادر :2011: 54). سەرچاوە خاڵی، یان شوێنی دەستپێکردنی شتێکە، ئەم خاڵەش یان باسە، یان بارە، یان شوێن. تایبەتمەندیی ئەم ڕۆڵەش لەوەدایە، کە لەگەڵ ئەو کارانەدا دێت، کە جووڵە یان ڕووی کار وئاڕاستەیان نیشان دەدەن. واتە ئاماژە بۆ ئەو شوێنە دەکەن، کە لێیەوە شتێک لە سەرچاوەوە بۆ ئامانج دەجووڵێت(Crystal: 1992 :321 –322).

یان سەرچاوە ئەو ئارگۆمێنتەیە، کەوا شوێنی دەسپێکردنی کارەکە نیشان دەدات (قادر : 2009 :127). کەواتە سەرچاوە بەو یەکە زمانییە دەوترێت، کە ئاڕاستەی ڕووداوەکە (کۆنکریتی بێت یان نابەرجەستە) لێی دەردەچێت(عیمادی:1997: 93)، یان سەرچاوە ئەو یەکەیە، کە ئاراستەکە (کۆنکرێت بێت، یان نابەرجەستە) لێی دەردەچێت، بە واتایەکی تر خاڵی دەستپێکردنی ئاڕاستەکەیە (Kathol:2003:18). هەروەها سەرچاوە ئەو سێتا ڕۆڵەیە، کە شوێنی سەرەتای شتێک یان کەسێک لە جووڵاندندا دەردەخات( احمد:2023: 45). کەواتە سەرچاوە / ئامانج خاڵی دەستپێکردنی جووڵاندنی کەسێک یان شتێک بە سەرچاوەی سەرچاوە دەناسرێت، بەڵام خاڵی کۆتایی جووڵاندنەوەکە بە ئامانج دەناسرێت(مجید ،2016: 27).

سیماکانی ئەم ڕۆڵەش بریتیین لە :–

1–ئارگیۆمێنتێکە سیمای ± زیندوو هەڵدەگرێ.

2–ئارگیۆمێنتێکی دەرەکییە.

3–ئاراستەو جوڵەی کەسێک یان شتێک نیشاندەدات.

4–ئەم ڕۆڵە بەهۆی پێشبەندی (لە) دەناسرێتەوە.

5–سەرچاوە خاڵی سەرەتای دەستپێکردنی کارە .

6–بەزۆری ئارگیۆمێنتێکی دەستنیشانکراوە. بۆ نموونە :–

(149) ئەم وێنەیەم لە برادەرێکەوە بۆ هاتووە.

(150) کرێکارەکان (کارا) لە کارگە (سەرچاوە) گەڕانەوە.

(151) لە هەولێرەوە (سەرچاوە) بەرەو شەقڵاوە (ئامانج) کەوتینەڕێ.

(152) لە پارەوە (سەرچاوە) تا ئەمساڵ بەتەمای تۆین.

10–2 ڕۆڵی سێتای هێز Force

هێزێکی سروشتییە دەبێتە مایەی گۆڕانکارییەک(قادر، 2009 : 127). بەهۆی ئەو هێزە سروشتییەوە ڕووداوێک ڕوودەدات، وەک (گەردەلول، هەورەتریشقە (بروسکە)، لافاو، ڕەشەبا، بومەلەرزە،.... هتد)، ئەم ڕۆڵە سێتایە، بە(هۆکاری دەرەکیش) ناودەبرێت (عومەر،2014: 34).

هێز وەک ڕۆڵێکی بنەڕەتی دەبینرێت، کە دەستپێکەری گۆڕانکارییە فیزیکیەکانە (jackendoff:1990:153). کەواتە هێز ئەو ڕۆڵەیە زیاتر بەو ئارگیۆمێنتانە دەدرێت، کە هێزیان هەیە و دەبێتە هۆی دروستبوونی کارەساتی سروشتی.

سیماکانی ئەم ڕۆڵەش بریتیین لە :-

1-ئارگیۆمێنتێکی دەرەکییە.

2-لەلایەن فرێزی ناویی بکەرەوە ئەنجامدەدرێت.

3-ئەم ئارگیۆمێنتە <+- زیندوو دەگرێتەوە.

4-هێزەکە ئارگیۆمێنتێکی سروشتیە. بۆ نموونە :-

(153) لافاوەکە ماڵەکەی ڕماند.

(154) بایەکە پەنجەرەکەی شکاند.

لەم رستانە فرێزی ناوی (لافاوەکە ، بایەکە) ، کە هێز نیشاندەدەن بوونەتە هۆکاری ڕوودانی کارەساتی سروشتی.
فرێزی ناویی بکەر لە شێوەی هێزێکی نادیاردا بێت و کارێک بەهۆیەوە ڕووبدات، یان ڕوونەدات، وەک :

(155) ڕەشەبا دارەکەی شکاند.

(156) بوومەلەرزەکە شارەکەی وێراننەکرد.

(157) هەورەبروسکە خانووەکەی ڕوخاند.

## 2-11 ڕۆڵی سێتای ئەزموونکار Experiencer

ئارگۆمێنتێکە ئاماژە بۆ هەست (Sensory)، هۆش (Cognitive) و ئەزموونی سۆزداری ( Emotional Experiencer) دەکات (قادر : 2009 : 126). یان ڕۆڵی سێتای ئەو فرێزە ناوییانەی بکەرە، کە کەسێک دیاریدەکەن، خاوەنی هەست و درکپێکردنن(حسەین :2022: 142). بەواتایەکی تر ئەزموونکار کەسێکە لە باری ئەزموونکردندایە بۆ هۆش، هەست، تێگەیشتن یان حاڵەتێکی سۆزداری(Yule:2010:116). ڕۆڵی سێتای ئەزموونکار لە سیاقی زانستی زمان و سیمانتیک پەیوەندیدارە بە کەس یان شتێک، کە هەست و ئامۆژگاری بە ڕووداوێک یان بارودۆخێک دەکات ، بەبێ ئەنجامی کارەکە.

سیماکانی ئەم ڕۆڵە بریتیین لە :-

1-ئارگیۆمێنتێکی دەرەکییە.

2-لەلایەن فرێزی ناویی بکەرەوە ئەنجامدەدرێت.

3-ئەم ئارگیۆمێنتە + زیندوو دەگرێتەوە.

4-ئەم ئارگیۆمێنتە یان ئامۆژگارییە یان هەست و ترسە. بۆ نموونە :-

(158) ئەو منداڵە لەشساغی نەدیوە.

(159) زۆر کەس لە دووپشک دەترسن.

(160) شیلان دڵخۆشە.

(161) منداڵەکان غەمبارن.

لەو ڕستانەی سەرەوە ئەو وشانەی کە هێڵیان بە ژێردا کێشراوە ڕۆڵی سێتای ئەزموونکاریان پێدراوە، چونکە پێشتر تاقیکراوەتە ئەزموونێکیان لە ڕوودانی کارەکە هەیە.

## 2-12 ڕۆڵی سێتای ڕێڕەو:Path

ڕۆڵی ڕێڕەو لە بەرهەمی (فیلمۆر) ساڵی (١٩٧١) ناوی هاتووە و وەک ڕۆڵێکی سەربەخۆ لەگەڵ ڕۆڵەکانی تردا دانراوە، ئەم ڕۆڵەش بەرانبەر بە دۆخی(ڕۆڵی)(نصب)، یان تەواوکەری دۆخی (نصب) دانراوە، زۆرجاریش بەئاسانی لە ئاستی سەرەودا لەو زمانانەی نیشانەی دۆخیان لە ئاستی سەرەوەدا هەیە و بەرچاودەکەوێت و هەستی پێدەکرێت. بۆ نموونە زمانی عەرەبی، کە یەکێکە لەو زمانانەی نیشانەی دۆخ لە ئاستی سەرەوەدا نیشاندەدات، وێنەی ئەم دۆخەی تێدا ئاشکرایە، کە پێیدەڵێن (مفعول معە). بەزۆری بەرانبەر بە دۆخی (نصب) دەوەستێ و وێنەشی زۆرە (سەعید:2009: 30). ڕێڕەو ئارگیۆمێنتێکە، کە لە سەرچاوەوە ئاراستەکە وەردەگرێ و بەرەو ئامانج دەڕوات(قادر :2009: 128).

سیماکانی ئەم ڕۆڵە بریتین لە :-

1-ئارگیۆمێنتێکی ناوەکییە.
2-لەلایەن فرێزی ناویی بەرکارەوە ئەنجامدەدرێت.
3-ئەم ئارگیۆمێنتە < - زیندوو دەگرێتەوە.
4-ئەم ئارگیۆمێنتە بەهۆی پێشبەندەوە دەناسرێتەوە.
5-ڕێڕەو خاڵی بەیەک گەیشتنی سەرچاوە و ئامانجە. بۆ نموونە :-
(162) لاوی لە جۆگەکە پەڕییەوە.
(163) دەمەوێت لە کەرکوکەوە بچم بۆ سلیمانی.
دەبێ ئەوەش بوترێت، کە زۆرجار ڕۆڵی ئەو ئارگۆمێنتانە تێکەڵ دەبن، یان لە ڕستەیەکدا چەند ڕۆڵێک بە دیاردەکەون، بۆ نموونە:
تۆپەکە (Thema) لە گردەکەوە(Source) خلۆل بۆوە <(path) بەرەو<(gole) بنی دۆڵەکە.
بێگومان دەبێت تێبینی ئەوە بکرێت، ئەو فرێزە ناوییەی دەبێتە ڕێڕەو، مەرجە هەردەم نازیندوو بێت، وەک لەم ڕستانەی خوارەوەدا بەرچاودەکەوێت، کە هێڵیان بەژێردا کێشراوە:
(164) شیرین بەدەم ڕێگاوە گۆرانی دەگوت.
(165) نەشمیل لەگەڵ بەرەبەیاندا هات.
(166) شلێر لەگەڵ ئێوەدا خەوت.
ئەم ڕۆڵەش لە دۆخە نەچەسپاوەکانی (فیلمۆر)ە، کە گومان و دوودڵییەکی زۆری لەسەرە، تەنانەت (فیلمۆر) خۆشی بەتەواوی بۆی ساغنەبووەتەوە، هەر لەبەر ئەمەشە دەبینین لە هیچ شوێنی تر لە بەرهەمەکانیدا ناوی ئەم ڕۆڵە ناهێنێت.

2-13 ڕۆڵی سێتای پێوەر(پێوانە)و بڕ Measures and Amounts

هەندێ ئارگیۆمێنتن دەربڕی چوارچێوەیەکن و قەوارە و ڕەهەند و کێش دەگرێتەوە (قادر، 2009 : 126 ). یان ئەو ئارگیۆمێنتەیە، کە پێوانە و ئەندازەی شتێک بەشێوەی ژمارە دەردەخات .
سیماکانی ئەم ڕۆڵە بریتین لە :-
1-هەموویان سیمای (- زیندوو) هەڵدەگرن.
2-ئارگیۆمێنتێکی ناوەکییە.
3-دەبێت ژمارەی لەگەڵ بێت .
4-پێوانەو ئەندازەی فرێزە ناوییەکە دیاری دەکات. بۆ نموونە:-
(166) نرخی ئەم کتێبە دە دینارە .
(167) پانی ئەم ژوورە پێنج مەترە .
(168) میوانەکان سێ ڕۆژ دەمێننەوە.
لەو ڕستانەی سەرەوە فرێزە ناوییەکانی (دە دینار ، پێنج مەتر، سێ ڕۆژ) ئەندازە و بڕی ئارگیۆمێنتەکان دەردەخەن.

2- 14 ڕۆڵی سێتای هەواڵدان (ئەنجام) Effort

ئەم ڕۆڵە بابەتێکە، یان ئەنجامی ڕووداو و بارێکە، کە بەهۆی کارەکەیەوە لە ڕستەدا دیاری دەکرێ. بە واتایەکی تر ئەم ڕۆڵە واتای کارێک تەواو دەکات و کۆتایی بەرهەمی کارێک پیشان دەدات، دوای تەواوبوونی کارەکە. ڕۆڵی هەواڵدان تەنیا لە بەرهەمی یەکەمی (فیلمۆر)دا دەبینرێت و لە بەرهەمەکانی تردا گۆڕاوە بۆ ڕۆڵی ئەنجام(سەعید: 2009: 25).
کەواتە ڕۆڵی هەوڵدان لە ئەنجامی ڕوودانی کارێک دروستدەبێت .
سیماکانی ئەم ڕۆڵە بریتیین لە :-
1-ئارگیۆمێنتێکی ناوەکییە.
2-فرێزی ناوی بەرکار دەگرێتەوە.
3-ئەم ڕۆڵە لەگەڵ کارە تێپەڕەکان بەکاردێت.

4-هەندێکجار ئەم ڕۆڵە لەگەڵ ڕۆڵەکانی تر تێکەڵ یەکتر دەبن .

5-ئەم ڕۆڵە گۆڕینی باری تێدایە.

نموونەی ئەم ڕۆڵەش لەم ڕستانەدا دەبینرێ :-

(169) ئەوان خانوویێکیان (ئەنجام) کرد.

(170) کرێکارەکان کارگەکەیان (ئەنجام) دروستکرد.

(171) بوومەلەرزەکە شارەکەی (ئەنجام) وێرانکرد.

(172) منداڵی بەڕەڵڵا دیواری باخەکەیان (ئەنجام) ڕووخاند.

لەم ڕستانەی سەرەوەدا دەردەکەوێت، ڕۆڵی هەواڵدان، یان ئەنجام بارێک پیشاندەدات، کە لە قۆناغی پێش ڕوودانی کارەکە نەبووە و تەنیا لە ئەنجامی ڕوودانی کارەکەدا هاتووەتە ئاراوە. ئەم ڕۆڵە بەتایبەتی لەگەڵ کارێکی وەک:(هاتنەکایە، دروستکردن، ڕوخاندن، وێرانکردن، بنیاتنان، دانان... هتد) دەبینرێت(سەعید: 2009: 25).

15-2 ڕۆڵی سێتای وەرگر Recipient

ئەو ئارگیۆمێنتەیە، کە شتێ وەردەگرێ، جا چاک یان خراپ (واتە شتێکی وەرگرتووە)(قادر: 2009: 126). یاخود وەرگر ئەو ئارگیۆمێنتەیە، کە لە ڕەوشێکدا شتێک وەردەگرێت (احمد:2023: 45). یان ئەو ڕۆڵە زیندووەیە، کە سوودی لە وەرگرتنی شتێک بینیوە.

سیماکانی ئەم ڕۆڵە بریتیین لە :-

1-ئارگیۆمێنتێکی ناوەکییە.

2-دەبێت ئارگیۆمێنتێکی +زیندوو بێت .

3-فرێزی پێشبەند دەگرێتەوە..

4-هەندێکجار ئەم ڕۆڵە لەگەڵ ڕۆڵی سوودمەند تێکەڵ یەکتر دەبن .

جیاوازی نێوان سومەند و وەرگر ئەوەیە، کە وەرگر توانای وەرگرتنی ئەو شتەی هەیە، کە پێی دەدرێت، بەڵام سودمەند توانای وەرگرتنی ئەو شتەی نییە.

واتە وەرگر دەبێت +زیندوو بێت، بەڵام سوودمەند هەندێجار - زیندووە. بۆ نموونە :-

+ زیندوو کرێکەم دایە خاوەنەکەی . وەرگر

- زیندوو گەرمایەکە گەیشتە دارەکە . سوودمەند

16-2 ڕۆڵی سێتای کات Temporal

ئەو ئاوەڵکارانەی، کە کاتی ڕوودانی کارێک نیشاندەدەن، ئەم ڕۆڵە واتاییان دەبێت(حسەین: 2022: 144). ڕۆڵی کات ئەو فرێزە ناوییانە دەگرێتەوە، کە کاتی ڕوودانی کارێک نیشاندەدەن. بە واتایەکی تر کاتی ڕوودانی کارێکە و لەو ڕۆڵانەشە، کە لەگەڵ زۆربەی ڕۆڵەکانی تردا لە ڕستەدا ڕێکدەکەوێت. دیسانەوە (فیلمۆر) باوەڕێکی تەواوی لەسەر هەیە، چونکە لە زۆربەی بەرهەمەکانیدا ناوی ڕۆڵی کات دەهێنێت و ڕەفتاری سەربەخۆی لەگەڵدا دەکات. لەم ڕستانەدا فرێزە ناوییەکان لە ڕۆڵی کاتدان(سەعید :2009: 29). یاخود ئەو ئارگیۆمێنتەیە، کە کاتی ڕوودانی کارەکە دەردەخات .

1-ئارگیۆمێنتێکی ناوەکیی و دەرەکییە.

2-دەبێت ئارگیۆمێنتێکی - زیندوو بێت .

3-کاتی ڕوودانی کار دەستنیشاندەکات.

4-زۆرجار ئەم ئارگیۆمێنتە هاوەڵکارەکان دەگرێتەوە. بۆ نموونە :-

(173) خوێندکارەکان بەیانی (کات) بۆ قوتابخانە دەچن.

(174) دوێنێ (کات) جەژن بوو.

لەم ڕستانە ئەو ئارگیۆمێنتانە، کە هێڵیان بە ژێردا کێشراوە لە جۆری سێتای کاتن، چونکە کاتی ڕوودانی کارەکە دەردەخەن.

17-2 ڕۆڵیی سێتای هاوڕێیەتی Friendship

ڕۆڵی هاوڕێیەتی ئەوە بە دیاردەخات، کە دوو گیانلەبەر لە کارێک یان ڕووداوێک بەشداری دەکەن(سەعید :2009: 29)، یان هاوڕێیەتیی ئەم ڕۆڵە پەیوەندیی ئاسایی بەیەکەوە هاتنی وشەیەکە، کە لەگەڵ هەندێ وشەی تر لەناو ڕستەیەکدا، لەسەر بنەمای ڕێککەوتن، پەیوەندیی هاوڕێیەتیی نێوان وشەکانی زمان پلەدارە. هەندێ وشە هەن، ڕادەی بەکارهێنانیان بەرزە و هەندێکی تر نزمە. کەواتە کەرەستەی بەدەسەڵات، کە کارە بەتەواوی بەسەر کەرەستەکانی تردا زاڵە و لەسەر بنەمای گونجان و ڕێککەوتن، کەرەستەکان بەدوای یەکدا بۆ ناو ڕستە ڕادەکێشێت، ئەو ڕاکێشانەش بە کۆتی هاوڕێیەتی ناودەبرێت (حسەین & عبدالله : 2023: 10).

سیماکانی ئەم ڕۆڵە بریتیین لە :-

1- ئارگیۆمێنتێکی ناوەکییە.

2- دەبێت ئارگیۆمێنتێکی + زیندوو بێت .

3-کاتی ڕوودانی کار دەستنیشاندەکات.

4-زۆرجار ئەم ئارگیۆمێنتە هاوەڵکارەکان دەگرێتەوە . بۆ نموونە :-

لای (فیلمۆر) ئەم ڕۆڵەش لە ڕۆڵە نەچەسپاوەکانە، چونکە گومان و دوودڵییەکی زۆری لەسەر هەیە. هەر ئەم هۆیەشە وای کردووە لە بەرهەمە تازەکانیدا پشتگوێی بخات و ناوی نەبات.

ڕۆڵی هاوڕێیەتی بەپێی کاری ڕستە لەگەڵ چەند ڕۆڵێکی تردا ڕێکدەکەوێت، وەک :

(175) شەونم (کارا) بە شەو (کات) لەگەڵ شەهلا (هاوڕێیەتی) بۆ سینەما (شوێن/ئامانج) ڕۆیشت (کار).

(176) شلێر (کارا) لەگەڵ دەستگیرانەکەی (هاوڕێیەتی) بە ئۆتۆمبێل (ئامێر) بۆ لامان (شوێن) هات (کار).

(177) ئەم نامەیە (باس) بەیانی (کات) بە زمانی کوردی و عەرەبی (ئامێر) لە هەولێر(شوێن) بڵاو دەکرێتەوە.

(178) شەونم لەگەڵ شەهلا (هاوڕێیەتی) ڕۆیشت.

هەروەها هاوڕێیەتی پەیوەندییەکە دەبێت لەنێوان دوو زیندوو بێت و دەکرێ لە هەمان کاتدا ئاماژە بە نموونەی نازیندووش بکات.

ئەو واتاییەیە، کە وشە بەهۆی هەڵسوکەوت و هاتنی لەگەڵ وشەی تردا پەیدای دەکات، لەسەر بنەمای وشەیی کاردەکات، بۆ نموونە وشەی (جوان، قۆز) هەرچەندە لە هاوواتا دەچن و لە واتادا لەیەکەوە نزیکن، بەڵام لە واتای هاوڕێیەتیدا جیاوازن(حسەین &عبدالله: 2023: 10).

(179) أ- کچی جوان گوێبگرە.

ب- کچی قۆز دانیشە.

وشەی(جوان) لەگەڵ (کچ)دا هاوڕێیەتی هەیە، بەڵام (قۆز) ناتوانێت لەگەڵ (کچ)دا هاوڕێیەتی دروستبکات، نادروستی ڕستەی(ب) بەهۆی بەزاندنی کۆتی هاوڕێیەتییەوە هاتووەتە ئاراوە. لە ئەنجامدا پێکدادانی واتایی دروستبووە، کە لە جۆری (پلەی ناتەبایی)یە، کە ئەمەش کەمترین پلەی پێکدادانی واتاییە، کە لە هەڵبژاردنی بە هەڵەی وشەی هاوواتاوە دێت (فەرهادی: ٢٠٠٢: ١٢)، لادانە واتاییەکەی کەمترە لە لادانی واتایی کۆتی هەڵبژاردن، بە دانانی وشەیەکی نزیک لە هاوڕێیەتیدا دەبێتە ڕستەیەکی دروست.

18-2 ڕۆڵی سێتای هەستیار Sensitive

ئەم ڕۆڵە واتاییە لەلایەن ئەو کارانەی هەست و بیر و ناسینەوە و پەیبردن و بۆچوون دەردەبڕن و لەڕێگەی هەستەکانی مرۆڤەوە ئەنجامدەدرێن، بە فرێزی ناویی بەکار دەدرێن. بکەر لەم ڕۆڵە واتاییەدا، ئەوەی پەیپێدەبات، یان وەک ڕاستییەک دەریدەبڕێت، یان باوەڕی پێدەکات (دیاردە)یە(فەرهادی :2008: 66-67 )، کەواتە ڕۆڵی سێتای هەستیار ڕۆڵێکی بێدەنگە لە ڕێگەی هەستەوە پەیوەندی نێوان کار و ئارگیۆمێنتەکان نیشاندەدات.

سیماکانی ئەم ڕۆڵە بریتیین لە :-

1-ئارگیۆمێنتێکی ناوەکییە.

2-ئەو فرێزە ناوییانە دەگرێتەوە، کە هەست دەردەبڕن.
3-ئارگیۆمێنتێکی زیندووە .
4-لە ڕێگەی کارەکانی وەکو (دەزانم ، ناتناسم ، ناپرسم ، لەو باوەڕەدایە.....هتد).
5-ئەم ڕۆڵە گۆڕینی باری تێدا نییە. بۆ نموونە :-
(180) من ئەوان بە زیرەک دەزانم.
(181) ئاسۆ لەو باوەڕەدایە، کە شیلان ئەمساڵ بە یەکەم دەردەچێت.
لەم ڕستانە هەریەکە لە ئارگیۆمێنتەکانی (ئەوان ، شیلان) ڕۆڵی سێتای هەستیاریان هەیە هەستێک بەرامبەریان دەربڕدراوە.

2-19 ڕۆڵی سێتای ڕەوشتکار Behavior

مرۆڤ هەندێک ڕەفتار ئەنجامدەدات، کە نە بە ڕێکەوتە و نە بە ئارەزووە، بەڵکو لە دەسەڵات بەدەرە، واتە کردەیەکی(إنعکاس)یە، وەک(هەناسەی دا،خەوی بینی، کۆکی، بورایەوە،... هتد)(ئەمین: 1985: 197). فرێزی ناویی بکەری ئەم چەشنە کارانە، ڕۆڵی سێتای ڕەوشتکاریان دەبێت .
سیماکانی ئەم ڕۆڵە بریتیین لە :-
1-ئارگیۆمێنتێکی دەرەکییە.
2-فرێزی ناوی بکەر دەگرێتەوە.
3-ئارگیۆمێنتێکی زیندووە.
4-لە ڕێگەی هەندی کاری تایبەتەوە دەناسرێتەوە.
5-ئەم ڕۆڵە گۆڕینی باری تێدایە. بۆ نموونە :-
(182) منداڵەکە بورایەوە .
(183) نەخۆشەکە هەناسە نادات .
(184) کوڕەکە زۆر دەکۆکێت.
لەم ڕستانە هەریەکە لە فرێزە ناوییەکانی (منداڵەکە ، نەخۆشەکە ، کوڕەکە ) ڕۆڵی سێتای ڕەوشتکاریان هەیە گۆڕانکاری بەسەر ڕەفتاری کەسەکان هاتووە.

2-20 ڕۆڵی سێتای هەڵگر Holder

وەک بە ناوەکەیدا دیارە، کەسێک، یان شتێکە، سیفەتێک، یان تایبەتمەندییەکی خراوەتە پاڵ. کار بەشێوەیەکی گشتی لە ڕوانگەی واتاییەوە (بەتایبەتی کاری بوون)،(سیفەت، ڕەگەز، پیشە، شوێن، ... هتد )ی مرۆڤ دەخاتەڕوو، هاوکات (بار، سیفەت، شوێن، ...هتد )ی شتی بێگیانیش نیشاندەدات(حسەین:2022: 141). ڕۆڵی سێتای هەڵگر پەیوەندی بە(کاری بوون)ەوە هەیە واتە ئەو ڕۆڵەیە، کە کەسێکی وەسفکراوە یان سیفەتێکی دراوەتە پاڵ .
سیماکانی ئەم ڕۆڵە بریتیین لە :-
1-ئارگیۆمێنتێکی دەرەکییە.
2-فرێزی ناوی بکەر دەگرێتەوە.
3-ئارگیۆمێنتی ± زیندوو دەگرێتەوە.
4-کاری ڕستەکە دەبێت لە کاری بوونەوە وەرگیرابن.
5-± گۆڕینی باری تێدایە. بۆ نموونە :
(185) ژوورەکە ساردە.
(186) منداڵەکە وریایە.
لەم ڕستانە هەر یەکە لە (ژوورەکە ، منداڵەکە) ئەو فرێزە ناوییانەن، کە ڕۆڵی سێتای هەڵگر نیشاندەدەن.
کاری (بوو) کارێکی بێ واتایە، لە ڕستەدا کات نیشاندەدات، فرێزی ناویی بکەر بە تەواوکەرەکەیەوە دەبەستێتەوە.

21-2 ڕۆڵی سێتای ناسێنراو known

به فرێزێکی ناویی بکەر دەدرێت، کە لە ڕووی(ڕەگەز، پیشە، ....هتد)ەوە ناسێنرابێت(حسەین:2022: 142). ئەو ئارگیۆمێنتەیە، کە کەسەکەت پێدەناسێنێت لە ڕووی (پلەوپۆست، هۆز ، پیشە ، ڕەگەز، شوێن ، ناوچە ..........هتد).

سیماکانی ئەم ڕۆڵە بریتیین لە :-

1-ئارگیۆمێنتێکی دەرەکییە.

2-فرێزی ناوی بکەر دەگرێتەوە.

3-ئارگیۆمێنتی + زیندوو دەگرێتەوە.

4-گۆڕینی باری تێدا نییە. بۆ نموونە :

(187) ڕزگار مامۆستایە.

(188) هانا کچە.

(190) ئارین خۆشناوەتییە.

لەم ڕستانە فرێزە ناوییەکانی (ڕزگار ، هانا ، ئارین) هەر یەکەیان لە ڕێگەی ئارگیۆمینتێکەوە ناسێنراون. فرێزی ناوی (ڕزگار) لە ڕێگەی پیشەوە ، (هانا) لە ڕێگەی ڕەگەزەوە، (ئارین) لە ڕێگەی شوێن و ناوچەکەیەوە.

22-2 ڕۆڵی سێتای ئارا Existence

کاری (بوون) لە فۆرمی داڕێژراویدا، کاتێک پێشگری ( هەـ) وەردەگرێت، بوونی بکەر، وەک کەس، یان شت دەخاتەڕوو، لەبەر ئەوە بکەر ڕۆڵی واتایی ئارای دەبێت(حسەین:2022: 142). ڕۆڵی سێتای ئارا کاتێک پەیدادەبێت ئەگەر کاری ڕستەکە بە واتایی بوون (وجود) هاتبێ.

سیماکانی ئەم ڕۆڵە بریتیین لە :-

1-ئارگیۆمێنتێکی دەرەکییە.

2-فرێزی ناوی بکەر دەگرێتەوە.

3-ئارگیۆمێنتی ± زیندوو دەگرێتەوە.

4-کاری رستەکە دەبێت لە کاری (هەبوون)ەوە وەرگیرابن.

5-گۆڕینی باری تێدا نییە. بۆ نموونە :-

ئاسایش لەم ناوچەیەدا هەیە.

(191) ئێمە هەین.

(192) باوکی هەیە.

لەم ڕستانە ئەگەر سەیری فرێزە ناوییەکانی (ئاسایش ، ئێمە ، باوک) بکەین هەریەکەیان لە ڕێگەی کاری ڕستەکەوە(هەیە) ڕۆڵی سێتای ئارای پێبەخشراوە.

23-2 ڕۆڵی سێتای گۆڕان Change

ڕۆڵی واتایی ئەو فرێزە ناوییە بکەرانەن، کە لە دۆخێکەوە بۆ دۆخێکی تر گۆڕانیان بەسەردا هاتووە، یان دێت. (حسەین:2022: 129)، کاری (بوو) لە ڕستەکانیاندا ئەو ڕۆڵە واتاییە بە فرێزی ناویی بکەر دەدات، کە گۆڕینی باری تێدایە.

سیماکانی ئەم ڕۆڵە بریتیین لە :-

1-ئارگیۆمێنتێکی دەرەکییە.

2-فرێزی ناوی بکەر دەگرێتەوە.

3-ئارگیۆمێنتی ± زیندوو دەگرێتەوە.

4-کاری ڕستەکە دەبێت لە کاری بوونەوە وەرگیرابن.

5- + گۆڕینی باری تێدایە. بۆ نموونە:

(193) لاوی بوو بە پزیشک.

(194) ئاوەکە بوو بە سەهۆڵ.

(195) دارەکە بوو بە خەڵوز.

فریزی ناویی بکەری (لاوی، ئاوەکە، دارەکە) هەریەکەیان لە دۆخێکەوە بۆ دۆخیکی تر گۆڕاون، یان لە بارێکەوە بۆ بارێکی تر، گۆڕانیان بەسەرداهاتووە، ڕۆڵی واتایی (گۆڕان)یان پێدراوە.

2-24 ڕۆڵی سێتای هۆیی Colleague

ئاماژە بۆ ئەو ئاوەڵکارانە دەکات، کە هۆی ڕوودان، یان ڕوونەدانی کار نیشاندەدەن(حسەین:2022: 144). ئەو ئارگیۆمێنتەیە، کە هۆی ڕوودانی کارەکە دەستنیشاندەکات، کە بەیارمەتی پێشبەند ڕوودەدات.

سیماکانی ئەم ڕۆڵە بریتیین لە :-

1-ئارگیۆمێنتێکی ناوەکییە.

2-فریزی ناوی پێشبەند دەگرێتەوە.

3-ئارگیۆمێنتی ± زیندوو دەگرێتەوە.

4-ئارگیۆمێنتێکە ڕوودانی کارەکە دەستنیشاندەکات. بۆ نموونە :-

(196) گۆڤارەکانم لەبەر تۆ کڕی.

(197) ئەوان لەبەر من گەشتەکەیان دواخست.

لەم ڕستانە ئەو فرێزە ناوییانەی کە هێڵیان بە ژێردا هاتووە بەهۆی پێشبەندەوە ڕۆڵی سێتای هۆیی پێبەشراون.

2-25 ڕۆڵی سێتای تاقیکەرەوەیی Experiencer

ئەو ڕۆڵەیە، کە پەیوەستە بە لایەنی دەروونی، یان ڕەوشێکی فیزیکیی دیاریکراوەوە، واتە کاریگەریی کارێک دەکەوێتە سەر کەسێک یان شتێک. (Brown&Miller:2013:164). کەواتە تاقیکەرەوەیی ئەو ئارگیۆمێنتەیە، کە کاریگەری کارەکەی لەسەر جێ بەجێ دەبێت یان جێدەمێنێت(مجید : 2016: 27). تاقیکەرەوەیی/ تاقیکەرەو ئەو ئارگیۆمێنتەیە، کە گۆڕانێکی فیزیکی بەسەر هاتووە کاریگەری کارەکەی دەکەوێتە سەر.

سیماکانی ئەم ڕۆڵە بریتیین لە :

1-فرێزی ناوی بکەر دەگرێتەوە.

2. ئارگیۆمێنتێکی دەرەکییە.

3. ± گۆڕینی باری تێدایە. بۆ نموونە :-

(198) قۆڕقوشم بە گەرمکردن دەتوێتەوە.

(199) هیوا دڵخۆشە.

(200) ئاوەکە بە ئاگر گەرمکرا .

لەم ڕستانە ئەو فرێزە ناوییانەی کە هێڵیان بە ژێردا هاتووە ڕۆڵی سێتایی تاقیکەرەوەیان هەیە.

2-26 ڕۆڵی سێتای ملکەچبوون (Submission)

مەبەست لە ملکەچبوون ئەوەیە، کە کەسێک یان گروپێک یان لایەنێک بکەوێتە ژێر باری بڕیارێک ، ئەنجامێک یان قسە و کردەوەیەکەوە و پەسەندییبکات .(حەمەساڵح: 2023: 144). ئەو ئارگیۆمێنتەیە، کە دەکەوێتە ژێر بڕیارێکی یاسایی لەلایەن کەسێک یان گروپ و لایەنێکی دیاریکراو.

سیماکانی ئەم ڕۆڵە بریتیین لە :

1-فرێزی ناوی بکەر دەگرێتەوە.

2. ئارگیۆمێنتێکی دەرەکییە.

3. گۆڕینی باری تێدایە. بۆ نموونە :-

(201) تیمەکە ئەنجامی یارییەکەیان پەسەندکرد.

لەم ڕستەیە فرێزی ناوی (تیمەکە) ڕۆڵی ملکەچبوونی وەرگرتووە، چونکە بڕیارێکی پەسەندکردووە، ئەگەر چی بڕیارەکە لە بەرژەوەندی تیمەکە بێت یان نەبێت .

2-27 ڕۆڵی سێتای ڕێککەوتن(Agreement)

ئەو ئارگیۆمێنتەیە، کە چەند کەس و لایەنێک لەسەر چەند بڕیار و ڕاسپاردەیەک ڕێکدەکەون.

سیماکانی ئەم ڕۆڵە بریتیین لە :

1-فرێزی ناوی بکەر دەگرێتەوە.

2. ئارگیۆمێنتێکی دەرەکییە.

3. دەبێت ڕێککەوتن لە نێوان دوو کەس یان زیاتر بێت. بۆ نموونە:-

(202) هەموو حزبە کوردیەکان ڕێککەوتن لەبەغدا یەکدەنگ بن.

(203) مامۆستا و قوتابیان ڕێککەوتن لەسەر ڕۆژی تاقیکردنەوەکان.

لەم ڕستانە ئەوە فرێزە ناوییانەی کە هێڵیان بە ژێردا کێشراوە ڕۆڵی سێتای ڕێککەوتنیان هەیە، چونکە ڕێککەوتنیان ئەنجامداوە هەمووان لەسەری یەک دەنگن.

ئەم پرۆسەی گواستنەوەی ڕۆڵی سێتایە بۆ ئارگیۆمێنتەکان بە نیشانەکردنی سێتا (Theta marking) ناوزەنددەکرێت (cook & newson:1997:169)، کەواتە ئارگیۆمێنتەکان، کە بەپێی جۆری کار لە ڕستەدا بوونیان دەبێت، ئەوا دەبنە وەرگری ڕۆڵی سێتایی، ئارگیۆمێنتەکانیش شوێنی سێتایی نەبێت ، ڕۆڵی سێتایی وەرناگرن بۆیە ئەو شوێنەی، کە ڕۆڵی سێتایی وەردەگرێت ، پێیدەوترێت شوێنی سێتا.

هەروەها ئەو شوێنەی، کە ڕۆڵی سێتایی تێدا وەرناگیرێت پێیدەوترێت شوێنی ناسێتایی ( الفهری :1990:26) لە ڕستەی باسمەندا کەرستەی بە لوتکەکراو، کە لە دەرەوەی بازنەی سێتادایە ئەوا بە شوێنێکی نائارگیۆمێنتی دادەنرێت، کە بە (A-bar position A-position)هێمای بۆ دەکرێت( غلفان : 2010:320).

(204)زێڕاوەکە نازدار خواردییەوە .

لەم ڕستەیەدا پێش ئەوەی گواستنەوە ڕوویدا، گرێی ناویی (زێڕاو) ڕۆڵی سێتایی وەرگرتووە .

بەرکاری ڕاستەوخۆ بە لوتکەکراوە و بەرەو لای ڕاست بۆ سەرەتای ڕستە جوڵاوە و لە شوێنێکی نائارگیومێنتیدایە(ئەحمەد :2012: 112).

**ئەنجامەکان:**

١- تیۆری سێتا توانایەکی بەرچاوی هەیە لە شیکردنەوەی پەیوەندی نێوان کارەکان و ئارگیۆمێنتەکان لە زمانی کوردیدا، بەڵام پێویستی بە تایبەتمەندکردن هەیە، بۆ ئەوەی لەگەڵ تایبەتمەندییە ڕێزمانی-مۆرفۆلۆژییەکانی زمانی کوردی بگونجێت.

2- لە زمانی کوردیدا ٢٧ ڕۆڵی سێتای جۆراوجۆر دەستنیشانکراون، کە بە شێوەیەکی سیستەماتیک لە ڕستەکاندا دابەشدەکرێن و هەر یەکەیان سیمایی تایبەتی خۆی هەیە لە ڕووی [±زیندوو]، [±گۆڕینی بار] و جۆری ئارگیۆمێنتەوە.

٣-شێوازی ڕستەسازی SOV لە زمانی کوردیدا کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر شێوەی دەرکەوتن و تەرخانکردنی ڕۆڵە سێتایەکان هەیە، بەتایبەتی لە پەیوەندی نێوان کارا و ئارگیۆمێنتە ناوەکی و دەرەکییەکاندا.

٤-جیاوازی ورد لە نێوان کارا و بکەری ڕێزمانی لە زمانی کوردیدا بەدەرکەوتووە، بەو شێوەیەی، کە هەموو کارایەک بکەری ڕێزمانی دێرینە، بەڵام پێچەوانەکەی ڕاست نییە، ئەمەش پەیوەندی بە سیمایی [+هێز]ەوە هەیە.

٥- ڕۆڵە سێتایەکان لە زمانی کوردیدا، بەهۆی پێشبەندەکانەوە (وەک: بە، لە، بۆ، لەلایەن) دەناسرێنەوە و ئەمە میکانیزمێکی گرنگە بۆ دیاریکردنی ڕۆڵی واتایی فرێزە ناوییەکان لە ڕستەدا.

## سەرچاوەکان :

به زمانی کوردی

**-پەرتووک**


- قادر، سباح رشید (2009)، هەندێک لایەنی ڕێزمانی دەسەڵات و بەستنەوە(GB) لە زمانی کوریدا. لە بلاوکراوەکانی ئەکادیمیای کوردی. چاپخانەی هاشم. هەولێر.
- فەرهادی، ساجیدە عەبدوڵلا (2008) ، ڕستە و پاش ڕستە ، چاپی یەکەم ، هەولێر .
- فەرهادی، ساجیدە عبدالله (2013)، هەندێ لایەنی رستەسازی زمانی کوردی ، چاپخانەی حاجی هاشم ، هەولێر.
- محەمەد، حاتەم ولیا (2009)، پەیوەندی ڕۆنانییەکانی نواندنە سینتاکسییەکان، دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی ، چاپخانەی خانە، دهۆک .
- مارف، ئەورەحمانی حاجی ( 2000 ) ، ڕێزمانی کوردی ،بەرگی یەکەم (وشەسازی) بەشی پێنجەم (کردار) ، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم ، سلێمانی.
- دزەیی، عبدوالواحید مشیر (2013) رستەسازی رۆنانکاری و گواستنەوە، ناوەندی ئاوێر، هەولێر.
- حسەین، ئازاد ئەحمەد (2008)، سینتاکسی کرداری لێکدراو لە شێوەزاری هەورامیدا، چاپخانەی یاد، سلێمانی.
- سەعید، یوسف شەریف (2009)، دۆخەکانی ژێرەوە لای فیلمۆر و هەندێک ڕستەسازیی کوردی ، چاپی یەکەم ، هەولێر.
- ئەمین، وریا عومەر(2004)،چەند ئاسۆیەکی تری زمانەوانی، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، بلاوکراوەی ئاراس، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە. هەولێر.
- خۆشناو، نەریمان عەبدوڵلا ( 2014) ڕستەسازی چاپی دووەم زیادکراو چاپخانەی ڕۆژهەلات ، هەولێر.
- مەعروف، عەبدولجەبار مستەفا ( 2010)، دروستەی فرێز لە زمانی کورییدا. لە بلاوکراوەکانی مەڵبەندی کوردۆلۆجی، سلێمانی.


**-نامە ئەکادیمیەکان**


- عبدالله، عزیز خالد (2023)، هەژمووونی کردار لە زمانی کوردیدا لە ڕوانگەی تیۆری دەسەڵات و بەستنەوە،نامەی ماستەر ،کولێژی زمان ، زانکۆی سلێمانی .
- احمد، سیروان سمین (2023)، لێکسیکۆ سینتاکسی دروستەی ئارگومێنت لە زمانی کوردیدا ، دکتۆرا نامە ، کۆلێژی زمان ، زانکۆی سلێمانی.
- فەرهادی، ساجیدە عەبدوڵلا (1995)، ڕێزمانی بەندێتی، نامەی ماستەر ، کۆلیجی ئاداب ، زانکۆی سەلاحەدین.
- عبدالمناف، بەژدار سلێمان (2022)، ڕۆڵی سینتاکسی و سیمانتیکی ئامرازەکانی بەستنەوە بەپێی تیۆری دەسەلات و بەستنەوە لە زمانی کوردیدا،ماستەرنامە ، فاکەڵتی پەروەدە ، زانکۆی کۆیە.
- عەبدولڕحمان، عومەر ئەحمەد( 2009)، فرێزی بەند لە زمانی کوردیدا، نامەی ماستەر ، زانکۆی سەلاحەدین ، کۆلێژی پەروەردە .
- محمد، ئەمیر مستۆ (2009 ، جێناوی لە کرمانجی ژووروودا ، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەلاحەددین .
- مەجید، ئارام رشید (2016)،دروستەی کرداری فەرهەنگیی لە فرێزی کرداریيدا، ماستەر نامە، سکولی زمان، زانکۆی سلێمانی.
- قادر، تارا محسین (2011)، زمانی کوردیی و مینیماڵ پرۆگرام، دکتۆرا نامە ، زانکۆی سلێمان
- والی، هەژار حسەین (2015)، بەبەرهەمی و هێزی کردار لە زمانی کوردیدا ، نامەی ماستەر، زانکۆی سلێمانی.
- عومەر، نەوزاد ئەنوەر (2008)، کۆزەتیڤ لە زمانی کوردیدا، نامەی ماستەر، کۆلیجی زمان ، زانکۆی کۆیە.
- محەمەد، فریدون عبدول (1998)، چەند لایەنێکی ڕستەسازی زاری هەورامی، نامەی دکتۆرا ، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین.
- کەریم، عمر محمود (2004)، کاری تێپەر و تێنەپەڕ لە زمانی کوردیدا (کرمانجی خواروو) نامەی ماستەر، کۆلیژی پەروەردەی ئیبن روشد – زانکۆی بەغدا.
- قادر، تارا محسین (2004)، جێناو لێکدانەوەیەکی نوێ لە زمانی کوردیدا، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی.


**-گۆڤارەکان**


- حسەین، ئازاد ئەحمەد – عبدالله ،عزیز خالد (2024)، ڕۆڵی کردار لە ئاستی قوڵی رستەدا ، گۆڤاری زانکۆی ڕاپەرین.
- ئەمین، وریا عومەر(2015)، دۆخ و ئەرکی بەشەکانی ڕستە (34)گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی .
- ئەمین، وریا عومەر (1985)، تێنەپەڕ فرمانێکی بکەر نادیارە ، گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ ، ژ – 107 ، بەغداد .


- **به زمانی عەرەبی**
- **کتێب**


- الفهری ،عبدالقادر الفاسی (1990)، اللغة و التفاضل الاجتماعی ، الدار البیضاء المغریب.


- **به زمانی فارسی**
- **کتێب**


- عمادی ،علی میر (1376)، نحو زبان فارسی (بر پایە نظریە حاکمیت و مرجع گزینی، انتشارات سازمان مطالعة و تدوین کتب علوم إنسانی

دانشگاها .

**– به زمانی ئینگلیزی**

**Books**

-Andreas kathol ,2003, Linear syntax,Cambridge Universty press.
- Chomsky ,Noam ,(1981) , Lectures on Government and Binding
- Chomsky,(1986) Barriers Gerdts .cambridge, Mass:MIT,press.
- Cowper, Elizabeth A. (1992), A Concise Introduction to Syntactic Theory . The university of Chicago .
- Crystal, David ,(1993) , a Linguistics and Phonetics reprinted, ed edition , black well , Oxford .
-Fillmore , Charles ,G. (1968) , the case for case : In universal in Linguistic theory , edited by Emmons Bach and Robert Harms , New York .
- Liliane Haegeman,(1994), Introduction to Government and Binding Theory,Blackwell Publishing, second edition..
- Todd, L. (1987). An Introduction To Linguistics. England. Longman York Press.
- Yule, G(2006). The Study of Language. 3rd Edition. Cambridge University
-Jackendoff,R(1983), Semantics and cognition. London. England.
- Cruse,D. Alan (2000) , meaning in language : An Introduction to Semantics and Pragmatics, Oxford university press
-Goldberg,A(1995), Construction: A construction Grammar Approach to Argument structure.
-Dowty, David. (1991). Thematic Proto-roles and Argument Selection,
-Grimshaw, J. (1979). "Complement Selection and the Lexicon". Linguistic Inquiry
-Jackendoff, R. (1972). Semantic Interpretation in Generative
-Jackendoff,R(2009), Semantic structure, MIT press, Cambirdge,
-Butt،M.& Hoiioway king T (1996) structural Topic and Focus without Movement ، CSLI publishers.
- Horrocks, Geoffrey (2014) . Generative Grammar, Routledge Taylor francis Group London and NewYork.
-Crystal ، (2008) ،A Dictionary of Linguistics and phonetics oxford: Blackwell
-Brown& Miller,(2013),Syntax :A Linguistic Iintroduction to Sentence Structure.
-Cook& Newson,Mark(1998) Chomskys Universal Grammar,An

**The Role of Theta Theory in Kurdish Language**

**Rzgar Othman Omer**
Department of Kurdish Languages, College of Basic Education, Salahaddin University-Erbil, Kurdistan Region, Iraq
Rezgar85othman@gmail.com

**Nareman Abdula Kareem**
Department of Kurdish Languages, College of Basic Education, Salahaddin University-Erbil, Kurdistan Region, Iraq
Nareman.kareem@su.edu.krd

**Abstract**
This research, titled "The Role of Theta Theory in the Kurdish Language, Central Kurmanji Dialect," primarily focuses on analyzing and elucidating the relationship between syntax and semantics in the Kurdish language. This study endeavors to clearly illustrate the connection between syntactic and semantic components, particularly within the framework of Theta Theory, which is one of the important theoretical branches known as Government and Binding (GB) theory. The significance of this research lies in its ability, for the first time, to provide a novel explanation regarding the application of Theta Theory in Kurdish syntax. This theory specifically deals with thematic roles and attempts to clarify how the relationship between arguments and the verb is presented in a sentence. The Kurdish language possesses its own unique grammatical and semantic characteristics, which leads to different functions and roles when analyzing its sentences according to Theta Theory. Similar to English, the rules of this theory can be applied to Kurdish. The research methodology follows a descriptive-analytical approach, conducted in light of Chomsky's Generative Theory and Fillmore's Case Theory.
**Keywords**: Theta Theory ،Roles ،Argument ،Agent ،Patient

**دور نظرية المجموعات في اللغة الكردية**

**رزگار عثمان عمر**
قسم اللغة الكردية، كلية التربية الأساسية، جامعة صلاح الدين– أربيل، إقليم كردستان، العراق
Rezgar85othman@gmail.com

**نريمان عبدالله كريم**
قسم اللغة الكردية، كلية التربية الأساسية، جامعة صلاح الدين– أربيل، إقليم كردستان، العراق
Nareman.kareem@su.edu.krd

**الملخص**
دور نظرية ثيتا في اللغة الكردية، لهجة الكرمانجية الوسطى" هذا البحث الذي أُجري باسم "دور نظرية ثيتا في اللغة الكردية، لهجة الكرمانجية الوسطى"، يتناول بشكل أساسي تحليل وتوضيح العلاقة بين بناء الجملة وعلم الدلالة في اللغة الكردية. يسعى هذا البحث إلى إظهار العلاقة بين المكونات النحوية والدلالية بوضوح، خاصة ضمن إطار نظرية ثيتا، وهي إحدى الفروع النظرية الهامة المعروفة بنظرية الحكومة والربط .(GB) تكمن أهمية البحث في أنه للمرة الأولى، تمكن من تقديم تفسير جديد حول تطبيق نظرية ثيتا في بناء الجملة الكردية. تتعامل هذه النظرية بشكل خاص مع الأدوار الدلالية (thematic roles) وتسعى لتوضيح كيفية عرض العلاقة بين الحجج والفعل في الجملة. تمتلك اللغة الكردية خصائصها النحوية والدلالية الفريدة، مما يجعل تحليل جملها وفقًا لنظرية ثيتا يحمل وظائف وأدوارًا مختلفة. وكما هو الحال في اللغة الإنجليزية، يمكن تطبيق قواعد هذه النظرية على اللغة الكردية. تم تنفيذ خطوات البحث وفقًا للمنهج (الوصفي التحليلي) في ضوء نظرية تشومسكي التوليدية ونظرية حالات فيلّمور.
**الكلمات المفتاحيية:** نظرية ثيتا، الأدوار ، الحجة/المحاججة (أو: الركيزة) ،الفاعل ، المفعول به